جوبران خەلیل جوبران



# پەیامبەر

وەرگێڕانی لە ئیتالییەوە

سەردانی عەبدوڵڵا



جوبران خەلیل جوبران

# پەیامبەر



وەرگێڕانی لە ئیتالییەوە

سەردانی عەبدوڵڵا

هەوڵێک بۆ وەرگێڕانی کتێبی پەیامبەر لە زمانی ئیتالی و عەرەبیەوە بۆ کوردی

## پەیامبەر
جوبران خەلیل جوبران

» وەرگێڕانی لە ئیتالییەوە: سەردانی عەبدوڵڵا
» نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک: نزار نوری
» نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
» چاپخانە:
» تیراژ:
» ژمارەی سپاردن: ( )ی ساڵی ٢٠١٩ی بەڕێوەبەرێتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی پێدراوە

# پێرست


پێشەکی ........................ ٩
گەشتنی کەشتیەکە ........................ ١١
خۆشەویستی ........................ ١٩
هاوسەرێتی ........................ ٢٣
منداڵ ........................ ٢٥
بەخشین ........................ ٢٧
خواردن و خواردنەوە ........................ ٣٣
کارکردن ........................ ٣٧
خەم و خۆشی ........................ ٤٣
ماڵ ........................ ٤٥
جل و بەرگ ........................ ٤٩
کڕین و فرۆشتن ........................ ٥١
تاوان و سزا ........................ ٥٣
یاسا ........................ ٥٩
ئازادی ........................ ٦٣
عەقڵ و سۆز ........................ ٦٧
ئازار ........................ ٦٩

خۆناسین ........................................ ٧١
فێرکردن ........................................ ٧٣
هاوڕێیەتی ........................................ ٧٥
قسەکردن ........................................ ٧٧
کات ........................................ ٧٩
چاکە و خراپە ........................................ ٨١
نزا ........................................ ٨٥
چێژ ........................................ ٨٩
جوانی ........................................ ٩٣
ئاین ........................................ ٩٧
مردن ........................................ ١٠١
ماڵئاوایی ........................................ ١٠٣

**پێشکەشە بە:**

**سان ئەگۆستینۆ**

# پێشەکی

ئەم کتێبە بە هەموو زمانە جیهانیەکان چەند کەسێک لە یەک زمانەوە وەریانگێڕاوە، بۆ نموونە بە زمانی عەرەبی و ئیتالی زیاتر لە سێ بۆ چوار کەس وەریانگێڕاوە، هۆکاری ئەوەش ئەو شێوازە ڕاقییەی زمانی (جوبران خەلیل جوبران)ە کە بەشێوازی شاردنەوەی ماناکان لەپشت دێڕەکان و وەستانی خوێنەرە لەپاش تەواوبوونی هەر دێڕێک، نوسەری ئەم کتێبە بیرە عارفانەکەی خۆی لەنێو دێڕەکان شاردۆتەوە و دەبێ خوێنەر بە جیهانی جوبران شارەزابێ، چونکە وەک خۆی دەڵێ: ئەو خاوەن زمان و عەقیدەی تایبەتی خۆیەتی.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ وەرگێرانی واتاکانی پشت ڕستەکان و نزیککردنەوەی دەنگی وشەکان لە گوێی خوێنەر.

# گەشتنی کەشتیەکە

مستەفا

هەڵبژێردراو و خۆشەویست، ئەو کەسەی بەرەبەیانی ڕۆژگاری خۆی بوو.

دوانزە ساڵ لە شاری ئورفالیس چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو کەشتیەی دەکرد کە دەیویست پێی بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی.

لە دوازدەهەمین ساڵدا و لە حەوتی مانگی ئەیلول (مانگی بەروبووم چنینەوە) چووە سەر ئەو گردەی کە لە دەرەوەی شوراکانی شاردا بەسەر دەریاکەدا دەیڕوانی، سەرنجی لە دەریاکە دەدا، لەنێو تەم ومژی دەریاکەوە ئەو کەشتیەی بینی کە چاوەڕوانی بوو... ، دڵ خۆشبوو.. دەرگای دڵی کرایەوە و ڕۆحی بە تامەزرۆییەوە بەسەر دەریاکەدا ڕووەو کەشتیەکە فڕی، چاوەکانی داخست و لەنێو بێدەنگیی ڕۆحیدا دەستی کرد بە سوپاسگوزاری و

نزاکردن، بەڵام کاتێک لە گردەکە هاتە خوارەوە هەستی بە دڵتەنگی و خەمێکی زۆر کرد، لەگەڵ خۆی کەوتە قسە:

چۆن بتوانم بە ئاسانی و بێ ئازار ئەم شارە جێبهێڵم؟ ناتوانم، دڵنیام بە دڵێکی شکاوو پڕ ئازارەوە دەڕۆم.

ڕۆژگارێکی درێژی پڕ بەسەرهات و شەوگارێکی درێژی پڕ لە تەنهایم لەنێوان شوراکانی ئەم شارە بەسەر بردووە، کێ دەتوانێ بێ پەشیمانی و ئازار ئەم شارە جێبهێڵێ؟

زۆرێــک لە پارچەکـــانی ڕۆحی خـــۆمم لەم کـــۆڵان و شـــەقامانە چانــدووە، زۆرن کـۆرپەی هیواکــانم بەنێــو ئەم گردۆڵکــانەدا بە ڕووتــی دێــن و دەڕۆن بــۆیە مــن نــاتوانم بە ئاسـانی لەوان دوربکەومەوە و بـێ قورسـێتی و ئـازار جێیـان بهێڵم.

ئەوەی ئەمرۆ بەجێی دێڵم بەرگێ نیە لەبەرمی داکەنم، ئەمە پێستی لەشمەو بە دەستی خۆم دای دەدڕم.

یادگـارییەک نـیە لە پشـتی خـۆم بەجێـی بهـێڵم، بەڵکـو دڵێکە بەشیرینی لەبرسێتی و تینوێتی دروست بووە.

تازە ناتوانم لە ڕۆیشتن هەڵبێم...

هەرچـۆن دەریـا بـانگی هەمـوو دەوروبەری بـۆلای خـۆی دەکات، بانگی منیش دەکـات کە بـڕۆم و سـواری کەشـتیەکە بـم، گەر بمێـنمەوە شـەوم لـێ دادێ و کاتژمێرەکـانی شـەو دەسـوتێ (تێـدەپەڕێت) لە تـاریکی شـەودا ڕەق دەبـمەوە و دەبمە پەیکەرێکی کریستاڵ.

حەز بەوەدەکەم هەرچی لێرەیە لەگەڵ خۆم بیبەم، بەڵام ئەمە مەحاڵە هەر وەک چۆن دەنگێک مەحاڵە ئەو زمان و لێوە لەگەڵ خۆی بەرێ، کە باڵیان داوەتێ و لێی هاتۆتە دەرێ، بۆیە دەبێ بە تەنها بەرەو ئەسیر[1] بفڕێ، هەروەک چۆن هەڵۆ کاتێک فێر دەبێ بەرەو خۆر بفڕێ هێلانەکەی لەگەڵ خۆی نابات.... کاتێ گەشتبووە خوار گردەکە دیسان سەیری دەریاکەی کردەوە و بینی کە کەشتیەکە بەرە بەرە نزیک دەکەوێتەوە و کەشتیەوانەکانی لەسەر دیاربوون، کە خەڵکی وڵاتی زێدی خۆی بوون.

لە ناخیەوە هاواری بۆ کردن:

نەوەی خاکی دایکی دێرینم... سوارچاکانی شەپۆلەکانی دەریا... چەندان جار بەنێو خەونەکانمدا گوزەرتان کردووە... بەڵام ئێستا لە کاتی بەئاگابوونما هاتوون کە ئەو هاتنەتان قوڵترین خەونی منە، من ئامادەم سەفەر بکەم، هیواکانم بەیداخی خۆی هەڵکردووە و چاوەڕوانی هەڵکردنی با دەکەن.

---

[1] (αἰθήρ–the ether) ئەسیر بە عەرەبی (الأثیر) لە کۆندا بڕوا وابووە ئەوەی گەردوون و بۆشایی هەموو گەردونی ڕاگرتووە ماددەیەکە لە نێوان ئاسمان و زەوی، ئەستێرەکان و هەسارەکان و هەموو تەنەکانی پڕکردۆتەوە زۆر جار بە مادەی گوێزەرەوەی دەنگ یان شەپۆلی دەنگی و ڕوناکی دادەنرێت و ئەسیر کۆتایی هەموو بوون و دواخاڵی قوڵایی گەردونە، مەبەستی نوسەر زیاتر ئەوەیە کە ئەسیر شوێنجێگای خودا و نزیکترن خاڵی لای خودایە.

من تەنها یەک هەناسەی تر دەدەم لەم هەوا ئارامەدا، تەنها یەک ئاوڕی تری پڕ لە سۆز بۆ دواوە دەدەمەوە، لەدوای ئەوە ئەبم بەیەکێک لە ئێوە، ئەبمە کەشتیەوانێک لە کەشتیەوانەکان. تۆش ئەی دەریا بەربڵاوەکە، ئەی دایکە بێخەوەکە تەنها تۆ خاوەن دەسەڵاتی ئارامی و ئاشتی ڕوبارو جۆگەکانی، ئەوە بزانە کە ئەم جۆگەیە تەنها پێچێکی تری ماوە قەڵبەزە بکات و بەگوێچکەی ئەم دارستانەدا دوا چپەی خۆی بچپێنێ، لەدوای ئەوە من ڕووەو تۆ دێم و وەک قەترە ئاوێک ئەڕژێمە نێو دەریای بێ بەربەستەوە.

لەکاتی گەڕانەوەیدا بینی ژنان و پیاوان کێڵگەکانیان جێدێڵن و بە خێرایی بەرەو دەروازەی شار دەگەڕێنەوە، گوێیی لێبوو لەم کێڵگە بۆ ئەو کێڵگە بەدەنگی بەرز هاواریان لەیەک دەکردو ناویان دەهێنا و بەیەکیان دەگوت کەشتیەکە گەڕاوەتەوە.

ئەویش بە خۆی گوت: تۆبڵێی ڕۆژی جێهێشتن و دابڕانم ڕۆژی پێکگەشتن نەبێ؟ تۆ بڵێی لە خۆر ئاوابونمدا ڕۆژ هەڵبێ؟

نازانم چی بەوانە بڵێم کە گاسنەکانیان لە نیوەی زەوی کێڵاندا جێهێشتووە؟ یان ئەوانەی گوشینگەکانیان[1] لەبەر من وەستاندووە؟

---

[1] (گوشینگەکان) شوێنی گوشینی ترێیە. لە هەمانە بۆرینەی ماموستا هەژارەوە وەرگیراوە.

تـۆبلێی دڵـم ببێـتە دارێکـی وەهـا بەردار کەبتـوانم لە میـوەکەی بەشـی هەموویـان بـدەم؟ تۆ بڵێـی ئـارەزووم وەک نـافورە بتەقێت و بتوانێت جامەکـانی دەسـتی هەموویـان پڕ بکەم؟

تـۆبلێی مـن چەنگێک بـم (ئـامێری قیسـارە یـان هـارپ) دەستە بەهێزەکانی قادر (خودا) ئاوازم پێ بژەنێ؟ یـان وەک نەی بـم و هەناسـەکانی پێمـدا بـڕوات؟ مـن گەر دۆزەرەوەی ناو بێدەنگی بم، ئایا ئەتوانم بە ئـارامی و یەکسـانی هەمـوو ئەو بەهـــا بەنرخـــانە دابەش بـــکەم بەســـەریاندا، کە دۆزیـومنەتەوە؟ گەر ئەمـڕۆ ڕۆژی چنینـەوەی بەروبـووم بـێ، کـوان ئەو کێڵگـانەی تـۆوم تێـدا چانـدوون؟ چ وەرزێـک بـوو بیـرم نـایە؟ گەر بەڕاسـتی ئەمـڕۆ ئەو ڕۆژەبـێ کە مـن چـرای خۆم بەرز کەمەوە، ئەوا ئەو ئـاگرەی دەسـوتێ و تیشـک دەدا هـی مـن نـیە، چـراکەی مـن تاریـک و خـاڵییە... ئەوەی پـڕی دەکـات و دایدەگیرسـێنێت و ڕوناکییـان پێـدەدات ئەوەیە کـە شەوان دەیانپارێزێت.

بەو وشـانە هەسـتی خـۆی دەربـڕی، بەڵام هێشـتا زۆر لە هەستەکانی بە قەتیسی و بێدەنگی لە دڵیدا مانەوە و توانای نەبوو نهێنیە قوڵەکانی نیو دڵی دەرببڕێ.

کاتێـک گەشـتەوە نێـو شـارەکە خەڵکـی شـار هەمـووی بەرەو ڕووی هـاتن و لێـی کۆبـوونەوە، هەمـوو پێکەوە ناویـان دەهێنا وەک بڵێـی بە یەک دەنـگ هـاوار دەکەن... ، یەکێ لە

پیاوە بەتەمەنەکانی شار، کە لە بەشی پێشەوەی خەڵکەکە بوو پێی گوت:

پەلە مەکە لەوەی جێمان بهێڵی... لە تاریکە شەوماندا تۆ ڕوناکی نیوەڕۆ بووی، لەنێوماندا گەنجێتیت چەندەها جۆر خەونی پێبەخشین... تۆ هەرگیز لەنێوماندا بێگانە نەبوویت... میوانیش نەبوویت، تۆ کوڕی خۆشەویستمان بوویت... تکایە وا لە چاوەکانمان مەکە لە ئێستاوە تینووی بینینەوەت بێ. ئینجا ژنان و پیاوانی ئاینی (الكهان و الكاهنات) پێیان گوت:

ڕێگە مەدە شەپۆلەکانی دەریا لێکمان دابڕێ... ڕێگە مەدە ئەو ساڵانەی پێکەوە بردمانەسەر تەنیا ببنە یادگارێک و هیچی تر... تۆ وەک ڕۆحێکی پاک لەنێوماندا دەهاتی و دەڕۆیشتی، سێبەری تۆ ڕوناکیی ئێمەبوو.. تۆمان زۆر خۆشویست، بەڵام خۆشەویستیمان لەژێر سەرپۆشی بێدەنگیدا خۆی داپۆشیبوو... ئێستا ئەو خۆشەویستییە بەدەنگی بەرز هاوارت لێدەکات و خۆیت بۆ ئاشکرا دەکات... هەر لە کۆنەوە ئەو ڕاستیە لەسەر خۆشەویستی زانراوە، کە هەست بە قوڵی خۆی ناکات، کاتی دابڕان نەبێت... هەموو خەڵکەکەی تریش داوایان لێکرد پەشیمان بێتەوە و جێیاننەهێڵێ، بەڵام ئەو بەبێدەنگی مایەوە و سەری داخستبوو، ئەوانەی لێی نزیک بوون بینیان فرمێسک بەسەر سنگیدا دەڕژێ.

لە کۆتاییدا لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو گۆڕەپانە گەورەکەی بەردەم پەرستگاکە بەڕێکەوت... لە دەرگای پەرستگاکەوە ئافرەتێــک دەرکەوت کە نــاوی (مەتــرا) بــوو پیشــەی پێشبینیکردن بوو...، بە چاوێکی پڕ لە سۆز وخۆشەویستی ســەیری کــرد، چــونکە ئەو ئــافرەتە یەکەم کەس بــوو کە شوێنی کەوت و بڕوای پێهێنا،

لە کاتێکدا کە هێشتا یەکەم ڕۆژی هاتنی بۆ ئەم شارە بەسەر نەبردبوو، ئافرەتەکە سڵاوی لێکرد و گوتی:

ئەی پێغەمبەری خودا هەتا چاوەکانت لە دوور بڕوانن سەرنجت دەکەوێتە سەر ئەو کەشتیەی کە دەتباتەوە بۆ خاکی باو و باپیرانت، ئەوا کەشتیەکە لەنگەری گرت و گەشتەجێ و دەزانین کە تۆش دەڕۆی، دەزانین کە سۆزەکانت گەورە و قــوڵن بــۆ خــاکی یادگاریەکانــت و ئــێمەش خۆشەویستی و پێویستیمان بە تۆ ناکەینە بەربەست و ڕێگر بــۆت. تەنهــا داوایەکمــان لە تــۆ ئەوەیە پــێش ئەوەی بەجێمانبهێڵیت هەندێ لەو ڕاستیانەمان پێ بڵێیت کە خۆت پێــی گەیشــتوویت، بــۆ ئەوەی ئــێمەش پشتاوپشــت بــۆ نەوەکانمــانی بــاس بکەیــن و لەنێــو نەچــن، چــونکە تــۆ لە تەنیایی خۆتدا سەرنجت لە ڕۆژگارەکانمان دەدا و لە کاتی بە ئاگابوونمــان ســەرنجت لە پێکەنــین و گریــانی نێــو خەونەکانمــان دەدا، بــۆیە ئێســتا داوات لێدەکەین ڕاســتی خۆمانمان بۆ دەربخەیت و باسی هەموو شتێکمان بۆ بکەیت

**که له نێوان لەدایکبوون و مەرگدایە.**

**ئەویش له وەڵامدا گوتی:**

**ئەی خەڵکی ئورفالیس لەسەر چ شتێک ئەتوانم قسە بکەم؟ جگە لەو شتەی ئێستا لەنێو ڕۆحی خۆتاندا ئەهەژێ؟**

# خۆشەویستی

لەو کاتەدا مەترا گوتی: باسی خۆشەویستیمان بۆ بکە.

ئەویش سەری بەرزکردەوەو سەرنجێکی هەموویانی دا، هەموو بە بێدەنگیەکی قوڵەوە چاوەڕوان بوون، ئینجا بەدەنگێکی مەزنەوە گوتی:

کاتێ خۆشەویستی بانگتان دەکات شوێنی بکەون، ئەگەر ڕێگاکانیشی پڕ لە تەنگوچەڵەمەو ئاستەنگ بێت.

کاتێ خۆشەویسی بە باڵەکانی خۆی دایپۆشین.. قبوڵی بکەن، ئەگەرچی بە شمشێرە شاراوەکەی ژێر پەڕەکانیشی برینداری کردن.

کاتێ خۆشەویستی قسەی بۆ کردن ئەوا بڕوای پێ بکەن، ئەگەرچی بەدەنگەکەشی خەونەکانتانی هەڵوەراند.. هەروەک چۆن بای باکور گوڵی باخچەکانتان هەڵدەوەرێنێ.

خۆشەویستی چۆن وەك تاجێکە بۆ سەرتان لە هەمان

کاتیشدا خاچێکه بۆ لاشەتان، هەروەک چۆن گەشەتان پێدەکات ئاوهاش لق و چڵتان دەبڕێ و بەسەر باڵاتاندا هەڵدەگەڕێ و دەست بەو لقە بەرزانەتاندا دێنێ کە لەنێو تیشکی خۆردا ئەلەرنەوە و لە هەمان کاتیشدا بەرەو قوڵایی دەچێ و باوەش بە ڕەگەکانتاندا دەکات و لەژێر زەویدا دەیانلەرزێنێت.

بەو شێوەیە بەنێوتاندا تێدەپەڕێ و لە لقەکانەوە هەتا نێو زەوی دەتانهەژێنێ.

خۆشەویستی لەدەوری خۆی کۆتاندەکاتەوە هەر وەک چۆن چڵە گەنمەکان[1] لە (ملۆ)[2]یەکدا کۆدەبنەوە، شەنتان دەکات و دەنکەکانتان ڕووت دەکاتەوە، دوایی دەتانبێژێتەوەو لە پوش و پەڵاش ڕزگارتان دەکات، پاشان دەتانهاڕێ، تا دەتانکاتە ئاردێکی سپی، دواتر دەتانشێلێ تا نەرم دەبن و دەبنە هەویر و دوایی بە ئاگرێکی پیرۆز... دەتانکاتە نانێکی پیرۆز... لەسەر خوانێکی پیرۆزی خودا داتاندەنێ، هەموو ئەم کارانەتان پێدەکات، تا پەی بەنهێنیەکانی دڵتان دەبەن و پێی ئاشنا دەبن. کە ئاشنابوون... بەو ئاشنابوونە دەبنە تێکەڵەیەک لە دڵی

---

[1] لە وەرگێڕدراوە ئیتالی و عەرەبیەکان گەنم بەکارهاتووە، بەڵام لەزمانە ئینگلیزیەکە گەنمەشامی بەکارهاتووە.

[2] بە واتای گورزە.

ژیـــان. بەڵام گەر زانیتـــان لە ئازارەکـــانی خۆشەویســـتی دەترسن و تەنها ئـارامی و خۆشـبەختیتان دەوێ، ئەوا باشـترە ڕووتیتـــان داپۆشـــن و ئەم مەیـــدانی خۆشەویســـتیە بەجێبهـێڵن و بـۆ جیهانێـک بـڕۆن کە وەرزەکـانی تێـدا نـیە، لەوێ دەتوانن پێبکەنن، بەڵام هەموو قاقاکانتان نیە، دەتوان بگرین، بەڵام هەموو فرمێسکەکانتان نیە.

خۆشەویستی جگە لەخۆی هیچ نابەخشێت، لە خۆیشـی نەبێت هیچ وەرناگرێت.

خۆشەویسـتی خـاوەنی نـیەو ناشـهێڵێت کەس خـاوەنی بێت، چونکە تەنها خۆشەویستی بەسە بۆ خۆشەویستی.

گەر خۆشویســـتران هەرگیـــز مەڵـــێن (خـــودا هـــاتۆتە دڵمەوە) باشترە بڵێن (من لە دڵی خودادام).

هەرگیـز بیـر لەوە مەکەنەوە ئێوە جڵەوی خۆشەویستی بگـرن و ئاراسـتەی بـکەن، بەڵکـو ئەگەر شـایەنی بـن ئەوا خۆشەویستی جڵەوی ئێوە دەگرێ و ئاراستەتان دەکات.

خۆشەویسـتی هـیچ ئامـانجێکی نـیە لەوە زیـاتر خـۆی بسەلمێنێ و تەنها خۆشەویستی بێت.

ئەگەر خۆشـەویستیتان کرد... دەبێ حەزو ئارەزویەکتـان هەبێت، با ئەمانە حەزو ئارەزوتان بێت:

ببـــنە خـورەی ئـاوی ئەو جـۆگەیەی بەتـاریکی شـــەودا دەڕوات و ئاوازی خۆی دەچڕێ، ببنە ئەو هەستەی لە ئـازاری سۆزێکی زۆر قوڵەوە دێت.

لەپێناو تێگەشتن لەخۆشەویستی ئامادەبن بریندار ببن و لەو پێناوەدا ئازار بچێژن و بەخۆشحاڵییەوە خوێناوی ببن.

سەرلەبەیانیان بەدڵێکی خۆشەوە هەستن تا سوپاسی خودا بکەن، کە ماوەی پێدان ڕۆژێکی نوێی تر لە خۆشەویستی بەسەر بەرن، لە نیوەڕۆدا لە کاتی پشوداندا غەرقی ناو خەیاڵەکانی خۆشەویستی ببن و ئێوارە بە سوپاس و شوکرانەوە بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان،

دواتریش نوێژو نزا بۆ ئەو کەسانە بکەن کە لە دڵتاندان و خۆشتاندەوێن و با لەسەر لێوەکانتان سرودی سوپاس و شوکرانە هەبێت.

# هاوسەرێتی

بۆ جاری دووەم مەترا پرسی: مامۆستا... ئەی لەسەر هاوسەرگیری چی دەڵێی؟

ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی:

ئێوە پێکەوە لەدایک ئەبن و هەتا ئەبەد هەر پێکەوە دەمێننەوە، پێکیشەوە دەمێننەوە تەنانەت کاتێک باڵەسپیەکانی فریشتەی مردنیش دێت و ڕۆژگارەکانی ژیانتان جیادەکاتەوە، ئێوە هەر لە نێو نهێنییە شاراوەکانی خودادا پێکەوە دەمێننەوە، بەڵام لە پێکەوەبوونتاندا هەمیشە با نێوانکی کراوە هەبێ، تا ئەو بایەی لە ئاسمانەوە دێت بتوانێت لە نێوانتاندا سەما بکا.

یەکترتان خۆشبوێت، بەڵام هەرگیز خۆشەویستی مەکەنە کۆت و بەند بۆ یەکتری، بەڵکو بیکەنە شەپۆلی دەریا بۆ نێوان کەنارەکانی ڕۆحتان.

هەریەکێکتان جامی دەستی ئەوی دیکەتان پڕ بکات، بەڵام ئاگاداربن لەیەک جام مەخۆنەوە.

هەریەکێکتان لە نانەکەی دەستی، بەشی ئەوی دیکەتان بدات، بەڵام ئاگادار بن هەردووکتان لەیەک توێشووەوە نان مەخۆن.

گۆرانی بڵێن و سەما بکەن و دڵخۆشبن، بەڵام هەریەکەتان بتوانێت تەنها بێت... وەک چۆن ژێیەکانی ئامێری چەنگ هەریەکەیان بەجیا بەستراوە، بەڵام پێکەوە ئاوازی خۆش ئەچڕن.

دڵتان بدەن بە یەکتری، بەڵام کەستان هی ئەوی دیکەتان هەڵنەگرێ بۆ خۆی، چونکە ئەوە تەنها دەستی ژیانە جێگەی دڵتانی تێدا دەبێتەوە و دەتوانێت لە ئامێزی بگرێ و بیپارێزێت.

پێکەوە بوەستن، بەڵام بێ ئەوەی پێکەوە بلکێن، هەروەک چۆن پایەکانی پەرستگاکە هەموویان وەستاون و گومەزی پەرستگاکەیان ڕاگرتووە، بەڵام هەریەکەیان بەجیایە و لە شوێنی خۆیدایە.

دارسنەوبەرو داربەڕو کەسیان لەژێر سێبەری ئەوی دیکەدا گەورەنابن.

# منداڵ

ئافرەتێک کە منداڵەکەی بەسەر سنگەوە بوو گوتی: لەسەر منداڵ قسەمان بۆ بکە.

ئەویش گوتی:

منداڵەکانتان منداڵی ئێوەنین، ئەوە شەوقی ژیانە ئەوانی هێناوەتە بوون و لەڕێی ئێوەوە دێنە ژیان، بەڵام لە ئێوە نین، ئەگەر نزیک لە ئێوەش و لەگەڵ ئێوەشدا گەورە ببن مانای ئەوە نیە ئێوە خاوەنیانن.

ئێوە دەتوانن خۆشەویستییان بدەنێ، نەک بیرکردنەوەتان، چونکە ئەوان خاوەن بیری خۆیانن.

دەتوانن لەگەڵ خۆتان جێگەی لاشەیان بکەنەوە، نەک ڕۆحیان، چونکە ڕۆحیان لەنێو ماڵی سبەینێ و داهاتوودا دەژی، کە ئێوە تەنانەت بە خەونیش ناتوانن سەردانی بکەن.

ئێوە دەتوانن زۆر لە خۆتان بکەن وەک ئەوان بن، بەڵام هەرگیز هەوڵ مەدەن ئەوان وەک ئێوە بن، چونکە ژیان نە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و نە لەسەر ڕابردوو ئەگوزەرێ.

ئێوە وەک کەوان وان و منداڵەکانتان وەک ئەو تیرە وایە کە لێوەی دەردەچێ. تیرەوان[1] کە نیشانەکەی لە دوور دەبینێ تیرەکەی بە شەوقەوە ڕادەکێشێ، هەتا بتوانێ لە دوورەوە بە خێرایی بیپێکێ. بۆیە کاتێک کە تیرەوان دێت بەخۆشەویستی و خۆشحاڵییەوە ڕەفتاری لەگەڵ بکەن، چونکە چەن حەز بەوە دەکات تیرەکەی ڕاست و خێرا دەرچێ، بە هەمان شێوە لەنێو دەستیدا حەز بە بوونی کەوانێکی سەقامگیر و توندو تۆڵ دەکات، تا نیشانەی خۆی بپێکێ.

---

[1] مەبەست لە تیرەوان، خودایە... کەوانیش دایک و باوک ... تیرەکەش منداڵە و نیشانەکەش بریتییە لەژیان.

# بەخشین

پیاوێکی دەوڵەمەند گوتی: لەبارەی بەخشینەوە قسەمان بۆ بکە.

وەڵامی دایەوەو گوتی:

ئێوە کەم دەبەخشن چونکە تەنها لەوە دەبەخشن کە هەتانە، بەخشینی ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤ لە گیانی خۆی ببەخشێ.

ئەو شتانەی کۆتانکردووەتەوە و نایبەخشن هیچ نیە جگە لەوە نەبێت دەترسن بەشتان نەکات، دەترسن لە سبەی... سبەی کێ دەزانێت چی لەگەڵ خۆی دێنێ؟ تا ئێوە لە ترسی سبەی نابەخشن و دەیشارنەوە، هەر وەک ئەو سەگەی شوێن حاجیان کەوتووە و لە بیابان لەژێر لمدا بۆ سبەی ئێسقان دەشارێتەوە، بەڵام بۆ سبەی بای بیابانەکە هیچ ئاسەوارێکی نەهێشتووە.

ترس لە پێویستبوون چیە؟ ئەگەر پێویستبوون خۆی نەبێ؟

هۆکـاری تینـوێتی نەشـکاندنتان ئەوە نـیە لە تینـوێتی دەترسن؟ لەکاتێکدا بیرەکانتان پڕە لە ئاو؟

هەنـــــدێک کەس هەن زۆر کەم لەو زۆرەی هەیــــانە دەیبەخشـن، ئەو کەمەش لەپێنـاو خۆدەرخسـتن دەبەخشـن، ئەوەش نیەتی بەخشینەکەیان گڵاو دەکات.

هەنـدێک کەسـیش هەیە خـاوەنی کەمە، بەڵام هەمـوو ئەوەی کە هەیەتـی ئامـادەیە ببیەخشـێ، ئەوە ئەو کەسـانەن بڕوایـان بە ژیـان و بەخشــندەیی هەیە بـۆیە هەرگیـز ئەوانە توێشوەکانیان بەتاڵ نابێت.

کەســـانێک هەن بە دڵێکـــی خۆشـــەوە دەبەخشـــن و دڵخۆشی بۆیان دەبێتە پاداشت.

کەســـانێک هەن بە نـــابەدڵی دەبەخشـــن و لە ئـــاوی نابەدڵی هەڵدەکێشرێن[1].

---

[1] لێـرەدا وشـەی بـاتێزیمۆ بەکارهـاتووە کە لەئـاینی مەسـیحیدا؛ واتە لەئاوهەڵکێشـــان بە مەبەســـتی پـــاکبوونەوە و مـــردن و زیندوبوونەوە و شوێنکەوتەبوونی مەسیحی بـاوک و کوڕ و ڕۆحی پیـرۆز، بـە مەبەسـتی چانـدنی بـڕوای مەسـیحیەت لە دڵیـداو بوون بە کوڕی خودا. مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئەو جۆرە کەسانە نابەدڵی لەدڵیان دەچەسپێت و ژیانیان دەبێتە نـابەدڵی و ئازار. لە زمانی عەرەبیش بە مانـای (المعمودیە) دێت. بە کوردی لە ئاوهەڵکێشـان یـان عەمـادیەت. لێـرەدا نوسـەر وەک تـانەیەک لەو کەسانەی دەدات، نەک بە واتا پیرۆزەکەی.
Baptism battesimo

بەڵام جــۆرە کەســـانێکی کە هەن کە بە بــێ ئـــازارو نابەدڵی و بەبێ بیرکردنەوە لە پاداشت و قسەو باس لەسەر بەخشــندەیی، دوور لە هەمــوو ئەمــانە دەبەخشــن... ئەوان وەک ئەو داری ڕەیحـــانەیە[1] وان کە بــۆن و بەرامی خـــۆی بەشنەبای نێو دۆڵەکە دەبەخشێ و پڕ لە عەتری دەکات، بە دەستی ئەوان و کەسانی وەک ئەوان خـودا دێـتە قسـە و لە ڕێگەی نیگای ئەوانەوە خودا بەدەم زەوییەوە پێدەکەنێت.

کاتێـک داواتـان لێـدەکەن و ئێـوەش دەبەخشـن کـارێکی باشە، بەڵام باشترە بێ ئەوەی داواتان لێ بکەن ئێوە خۆتـان هەستی پێبکەن و ببەخشن.

کەسـی بەخشـندە خۆشـی لەوە دەبینـێ خـۆی بەشـوێن ئەو کەســانەدا بــگەڕێ کە پێویســتیان بە یــارمەتییە، نەک ئەوان خۆیان بێن و ئەوسا پێیان ببەخشرێت.

بڕواتـان بەو شـتانە هەیە کە هەتـانە؟ ئـایە لە کۆتایـدا هەمـووی لەدەسـت نـادەن و بەجێیـان بهـێڵن؟ کەواتە ئێسـتا دەستپێشـــخەری بـــکەن و بیبەخشــــن، تـــا ئەو بەخشـــینە نەبووەتە بەشی ئەوانەی دوای خۆتان دەبنە خاوەنی.

زۆر جـار دەڵـێن: مـن حەز دەکەم ببەخشـم، بەڵام حەز

---

(١) لێرەدا ناوی داری میرتۆ هاتووە کە لە عێراق پێی دەڵێن داری الیـاس، بەڵام لە وڵاتـانی مەغریبـی عەرەبـی پێـێ دەڵـێن داری ڕیحانە (Myrtle... Mirto)

دەکەم بە کەسێکی ببەخشم کە شایەنی بێت. بەڵام داری باخچەکانتان کە بەر دەدەن و ڕانەمەڕەکانتان کە شیر دەدەن هەرگیز بەو جۆرە قسە ناکەن، ئەوان دەبەخشن بۆ ئەوەی بژین، چونکە گەر نەبەخشن تووشی ئازارو زەحمەت دەبن.

هەر کەسێک کە شەو و ڕۆژی ئەم ژیانەی پێ بەخشرابێ ئەوا شایەنی هەموو شتێکە لەلایەن ئێوەوە پێیان ببەخشرێت.

هەر کەسێک شایەنی ئەوە بوو لە ئۆقیانوسی ژیان ئاو بخواتەوە، ئەوا شایەنی ئەوەشە لە گۆزە پچکۆلەکەی ئێوەش جامەکەی دەستی پڕکات.

چ پاداشتێک لەو پاداشتە گەورەترە بۆ کەسێک کە بە بوێرانە و بە بڕواوە و بگرە بە لێبوردەیی و خۆشەویستییەوە دەبەخشێت.

تۆ کێی؟؟

تا خەڵکی لەبەردەمتدا دڵی خۆیان و نهێنیەکانیانی ژیانیان ڕووت بکەنەوە و بۆ تۆی ئاشکرا بکەن؟ بە هەستبریندارى لەبەردەم تۆدا بووەستن، تا بڕیار بدەیت شایەنی ئەوەن پێان ببەخشیت یان نا.

پێویستە بیر لەوە بکەنەوە و بزانن کە ئێوە تەنها ئامرازێکن بۆ بەخشین، چونکە ئەوە تەنها ژیانە لە خۆی بە خۆی دەبەخشێت، نەک تۆ. ئەی ئەو کەسەی لەو بڕوایەدای

که دەبەخشیت، تۆ تەنها ڕێگەیەک و شاهیدحاڵێکی بۆ ئەو بەخشینە.

ئێوەش ئەی ئەو کەسانەی کە وەردەگرن و هەمووشتان وەرگری بەخشندەیین، سوپاس و شوکرانەتان لەسەر قورس نەبێ بەرامبەر بەوەی وەرتانگرتووە، تا نەبێتە ئاگرێک و لە خۆتان و ئەوەی پێیشی داون بەربێت. باشتر وایە ئەو بەخشندەییانەی پێتان دراوە بیکەنە باڵ بۆ خۆتان و پێکەوە پێی بفڕن، زۆر بیر لەو پێدانە مەکەنەوە کەپێتان دراوە، چونکە ئەبێتە گومانکردن لەو بەخشندەییە، لە کاتێکدا ئەو... زەوی پڕ بەرەکەت دایکێتی و خوداش باوکێتی.

## خواردن و خواردنەوە

لەو کاتەدا پیاوێکی پیر کە خاوەن میوانخانەیەک بوو گوتی:

باسی خواردن و خواردنەوەمان بۆ بکە.

ئەویش گوتی:

ئێوە ئەتوانن بە بۆنی پڕ بەرەکەتی زەوی بژین، یان بەڕوناکی وەک ئەو ڕووەکانەی بە ڕوناکی دەژین و هەڵدەکشێن.

بەڵام بۆ ئێوە ڕێگەدراوە کوشتار بکەن و خوێن بڕێژن تا تێر ببن، شیری بەردەم شیرە خۆرە بەرن تا تینوێتیتان بشکێ ئەم ڕێپێدانەش بەخشینێکی پیرۆزە بۆ ئێوە.

سـەر مێـزی خوانەکانتـان بـۆتە سـەکۆی سـەربڕینی بێتاوان و پاکەکانی ناو دارستان و دەشتەکان لە پێناو ئێوەدا کە لەنێو جەستەتاندا بێتاوانترو پاکتر هەیە[1]. بۆیە کاتێک گیاندارێک سەردەبڕن لە دڵی خۆتاندا پێی بڵێن:

ئەو دەسەڵاتەی کە دەسـەڵاتی بە مـن داوە تـۆ سـەرببڕم ڕۆژێکـیش دێـت هەمـان دەسـەڵات منـیش دەکـاتە قوربـانی. چـونکە ئەو یاسـایەی تـۆی خسـتۆتە نێـو دەسـتی مـن، بە هەمان شێوە منیش دەخاتە نێو دەستی بەتواناتر لە من.

خوێنی من و خوێنی تۆ هـیچ شـتێک نـیە جگـە لـەوەی کە لە کۆتایـدا دەبێـتە خـۆراک بـۆ داری بەهەشـت. ئەگەر هەریەک لە ئێـوە قەپـی لە سـێوێک گـرت بـا لە دڵـی خۆیـدا بڵێ:

---

[1] لە ئـاینی مەسـیحیدا... دڵ ئەو شـوێنە پـاکەی مـرۆڤە کە خوداپەرسـتی پێـدەکرێت، پـاکبوونەوەی دڵ نیشـانەی بـوونی ئیمـانە، چـونکە دڵ خـاوەنی بیرکـردنەوەیە، بـۆیە لە (ئینجیلـی مەتـا ٥،٨)دا دەڵێـت: ئەو کەسـانەی دڵیـان پـاک بـوەتەوە ئەوە خـاوەن بـەختن، چـونکە دەتـوانن خـودا ببیـنن،،، لە کتێبـی (تەورات)دا هاتووە، هەموو شتێک پاکە و بۆ ئەو کەسەش پاک دەبێـت کە پـاکە، جـگە لەمەش مرۆڤـی ئیمانـدار ڕۆحی خـودا لەجەسـتەیدایە و مەسـیح لە دڵیـدایە بـۆیە ئیشـارەتە بەوەی مرۆڤی ئیماندار هەڵگری پاکترین و بێتاوانترینە لە نێویدا.

دەنکەکانت لە نێو جەستەمدا دەژێنەوە، لەنێو دڵمدا چەکەرە دەکات و گوڵ دەگرێ، بۆنی تۆ لەنێو هەناسەمدا دەبێ و بەو شێوەیە پێکەوە بەخۆشییەوە وەرزەکان دەبەینە سەر.

کاتێک لە پایزدا ترێی ڕەزەکانتان دەچنن و دەیبەن بۆ گوشینگە[١] لە دڵی خۆتاندا بڵێن:

ڕۆژێک منیش میوەکەم بۆ گوشین کۆدەکرێتەوە، وەک شەراب لە گۆزەی ئەبەدیدا هەڵدەگیرێم.

کاتێک لە زستاندا شەراب لە گۆزە دەردەکەن با لە دڵتاندا گۆرانییەک بۆ هەرجامێکی هەبێ و هەر گۆرانییەکیش یادێکی ڕۆژانی پایزی تێدابێت بۆ ڕەزە ترێکەو گوشینگەکە.

---

[١] دەزگا و شوێنی ترێ گوشین.

## کارکردن

دوا بەدوای ئەوە جوتیارێـک گـوتی: لەسـەر کـارکردن قسەمان بۆ بکە.

لە وەڵامدا گوتی: ئێوە کاردەکەن تا لەڕۆح و نهێنیەکانی زەوی بـگەن گەر کـار نەکەن ئەوا لە ڕۆحی زەویەکە و وەرزەکـانی نـاگەن و کەژاوەی ژیـان کە بە گەشـاوەیی و نەمری و ڕەونەقەوە دەڕوا جێتان دێڵێ.

کاتێـک ئێـوە کـار دەکەن دەبـێ ببـنە شمشـاڵێک کە لە دڵیدا چرکە بە چرکەی ساتەکانی کارکردنتان بکاتە مۆسیقا، کێ لە ئێوە حەز دەکات ببێتە پارچە قامیشێکی[1] بێدەنگ و

---

[1] لە جـاری دووەمـدا نووسـەر نەیگوتـووە شمشـاڵ بەڵکـو گوتویەتی قامیش، چونکە ئەگەر ساتەکانی کارکردن نەکاتە مۆسیقا ئەوە وەک پارچە قامیشێکی بێدەنگ دەبێت و هەموو ئەوانی تر کە بەشەوقەوە کاردەکەن بوونەتە شمشاڵ و ئاوازی خۆیان دەردەکەن و گۆرانی دەڵێن.

بێ وورتە؟ کاتێک هەموو ئەوانی دیکە پێکەوە گۆرانی دەڵێن؟

هەموو کات واتان پێگوتراوە کە ئیشکردن نەگبەتی و نەهامەتی و بێ شانسییە، بەڵام من پێتان دەڵێم: کاتێک ئێوە کاردەکەن هەندێک لە خەونە کەڵەکەبووەکانی زەوی دەهێننە دی، چونکە کاتێک ئەو خەونانە لەدایک دەبن هێنانەدی لەسەر ئێوە نوسراوە.

بەو هیلاکی و ڕەنجەی ئێوە دەیدەن، مانای وایە بەڕاستی خۆشەویستی لەگەڵ ژیان دەکەن، خۆشەویستیکردنیش لەگەڵ ژیان لە ڕێگەی هیلاکبوون و ڕەنجدانەوە دەتانگەیەنێتە قوڵترین نهێنیەکانی ژیان. بەڵام گەر بەرگەی هیلاکبوون و ڕەنجدانتان نەگرت و ژیانتان بە ئازارو هیلاکی سەیرکرد و پێتانوابوو کە کارکردن بۆ لەش و خوێنتان نەگبەتی و نەهامەتیە و لەسەر ناوچەوانتان نووسراوە... ئەاو من پێتان دەڵێم: تەنیا بەعارەقکردنەوەی نێوچەوانتان دەتووانن ئەوە بسڕنەوە کە لەسەری نوسراوە.

هەروەها پێتانگوتراوە کە ژیان تاریکییە و هەمیشە ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە کە ژیان هیلاکی و خەمۆکییە کە ئەویش قسەی کەسانی خەمۆک و هیلاکە...

بەڵام من پێتان دەڵێم:

لە ڕاستیدا ژیان تاریکییە گەر پاڵنەر نەبێ بۆ ڕوناکی، هەموو پاڵنەرێکیش کوێرە گەر زانینی لەگەڵدا نەبێ، هەموو

زانینێکیش بێکەڵکە گەر کاری لەگەڵدا نەبێت، هەموو کارێکیش بەتاڵە گەر خۆشەویستی لەگەڵدا نەبێت.

بۆیە گەر بە خۆشەویستییەوە کارتان کرد ئەوا خودی خۆتان بە خۆتان و بە کەسانی دیکە و بە خودا ڕادەگەیەنن.

دیسان جوتیارەکە پرسی:

ئیشکردن بە خۆشەویستییەوە مانای چیە؟

ئەویش گوتی:

مانای ئەوەیە کاتێک کراسێک دەچنی، تاڵەکانی با لە تاڵی دڵت چنرابێت، وەک بڵێی لەبەری خۆشەویستەکەتی ئەکەی.

مانای ئەوەیە خانویەک لە خۆشەویستی دروست بکەی، وەک بڵێی خۆشەویستەکەتی تێدەچێت.

کاتێ تۆو دەوەشێنن بە خۆشەویستییەوە ئەو کارە بکەن، وەک بڵێی خۆشەویستەکەت بەرهەمەکەی دەچنێ و دەیخوات.

مانای ئەوەیە کاتێ هەرشتێک بە دەستت دروستدەکەیت با هەناسەیەک بێت لە ڕۆحت و وا هەست بکەی کەهەموو ئەو کەسە پیرۆزانەی کە کۆچیان کردووە و مردون لە دەورت وەستاون و دیقەت لە دەستت دەدەن.

زۆرجار گوێم لە هەندێک قسەتان بووە کە وەک وڕێنەکردن وابووە... گوتوتانە:

ئەو کەسەی ئیشی مەڕمەڕتاشی دەکات و شێوەی خۆی لەســـەر بەرد دەکێشـــێ زۆر باشـــترە لەو کەســـەی زەوی دەکێڵێت.

یان ئەو نیگارکێشەی ڕەنگ لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دەبــات و لەســـەر پــارچە قوماشــێك شــێوەی مرۆڤێــك دەکێشـــێت، ئەوە کـــارێکی بەنرختـــر دەکـــات وەک لەو پێڵاودورەی پێڵاو بۆ پێیەکانمان دەدورێت.

بەڵام مـــن پێتــان دەڵــێم: بەدەم خەوەوە نـــا، بەڵکـــو بەوپەڕی بە ئاگایی خـۆمەوە و لە ڕۆژی ڕوناکـایی نیـوەڕۆدا، شـــنەی بـــا چـــۆن بە نەرمونیـــانی لە داری داربەڕوویەک دەدات، بەهەمان شێوەش لە بچوکترین چڵەگیاش دەدات.

لە ڕاستیدا کەسی گەورە ئەو کەسەیە کە دەنگی بایەکە دەکـاتە گـۆرانیەکی ناسـک و بە دەنگێکـی پڕسـۆز و ناسـک دەیچڕێ.

ئێسا دەرکەوت کارکردن و خۆشەویستی پێکەوە چۆنن؟

گەر نەتـــانتوانی کـــار بەخۆشەویســـتییەوە بـــکەن ئەوا باشـــترە ئیشـــەکانتان جێبهـــێڵن و بچـــنە بەردەم دەرگـــای پەرستگاکە دابنیشـن و پارە و خێر لەو کەسـانە وەربگـرن کە بە دڵخۆشـییەوە کـاردەکەن، چـونکە گەر ئێـوە نانێـک ئامـادە بکەن و گرنگـی بەو کـارە نەدەن کە دەیـکەن، ئەوا نانەکەتـان سوتاو و تاڵ دەردەچێت و ناخورێت و کەس تێر ناکات.

گەر لە کاتێکدا دڵتان کینەی تێدایە ترێ بگوشن، ئەوا کینەکەی دڵتان دەبێتە ژەهرو تێکەڵ بە قەترەی ئەو شەرابە دەبێت کە دێتە خوارێ.

هەرچەندە بەشێوەی فریشتەکانیش گۆرانی بڵێن، بەڵام ئەو گۆرانییەتان خۆشنەوێت کە دەیڵێن، ئەوا بە دەنگی گۆرانییەکەتان گوێچکەی خەڵک کپ دەکەن و گوێیان لە دەنگی ڕۆژو شەو نابێ.

# خەم و خۆشی

**ئینجا ئافرەتێک گوتی:**

**باسی خەم و خۆشیمان بۆ بکە.**

**ئەویش گوتی:**

**دڵخۆشیتان خەمەکانتانە و پەردەی لەسەر لادراوە. لەو چاڵە بیرەی پێکەنینەکانتان هەڵدەقوڵێت، هەمان چاڵە بیرە کە بە فرمێسکەکانتان پڕبووە، گەر وانەبێت ئەوا چۆن دەبێت؟**

**خەماکانتان هەتا قوڵبێ دواتر جێگەی خۆشیی زیاتر دەبێتەوە.**

**ئەو جامەی دەستتان کە ئێستا پڕە لە شەراب پێشتر لە ئاگرداندا سوتێنراوە، تا ئێستا شەرابی تێبکرێ ودڵتان خۆش بکات.**

ئەو سازەی ئێستا ئاوازی لێ دەردەچێ پێشتر دارەکەی بە چەقۆ تاشراوە، تا ئێستا ئارام و دڵخۆشتان بکات.

بۆیە کاتێ کە زۆر دڵخۆش دەبن سەیری نێو قوڵایی دڵتان بکەن، دەبینن ئەو هۆکارەی کە پێشتر دڵتان پێی خەمبار بووە، ئێستا هەمان هۆکاری دڵخۆشبوونتانە، کاتێکیش کە خەمبار دەبن بە هەمان شێوە سەیری نێو قوڵایی دڵتان بکەن دەبینن ئەو هۆکارەی پێشتر دڵخۆشی کردبوون ئێستا خەمباری کردوون.

هەندێ کەس دەڵێن: خۆشی بەهێزترە لە خەم.

هەندێکی تر دەڵێن: خەم بەهێزترە لە خۆشی .

بەڵام من پێتان دەڵێم:

هەرگیز لەیەک جیانابنەوە و هەموو کات پێکەوەن، گەر یەکێکیان لەسەر مێزی خوانەکەتان بێ ئەوا دڵنیابن ئەوی تریان لەنێو پێخەفەکەتاندا خەوتووە.

لەڕاستیدا ئێوە وەک تەرازوو وان دوو تای خەم و خۆشیتان پێداهەڵواسراوە و هەرگیز ناشتوانن تاکانی تەرازووەکانتان بەرامبەر یەک بن مەگەر بەتاڵ بن.

تەنیا کاتێک دەستی کێشانەی مەزن دەیەوێ بزانێ چەندە لە خشڵ و زێڕی تێدایە، ئەو کاتە دەردەکەوێت لای خەم یان خۆشی لە تای تەرازوەکەتان قورسترە.

# ماڵ

لەو کاتەدا بەنایەک[1] هاتە پێشەوەو گوتی: باسی ماڵمان بۆ بکە.

وەڵامی دایەوەو گوتی: لە خەیاڵتاندا لە دەشتایی کەپرێک دروست بکەن پێش ئەوەی لە نێو شاردا ماڵێک بۆ خۆتان درویست بکەن، چونکە هەرچۆن ئێواران بە هیواو شەوقەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانتان بە هەمان شێوە ئەو کۆچەرییەی لە نێو ناختاندایە پێویستی بەشوێنێکە تێیدا بحەسێتەوە، ماڵی ڕاستەقینەی ئێوە لاشەی مەزنتانە، کە لەژێر تیشکی خۆردا گەشە دەکات و لەنێو بێدەنگی شەودا دەخەوێت، کە خەوتنیش بێ خەونبینین نابێت.

ڕاستە ماڵەکانتان (کە لەشتانە) خەون نابینن، بەڵام تۆ بڵێی گەر خەون ببینن لە خەونیاندا شار بەجێ نەهێڵن و بەرەو دارستان و گردۆڵکەکان نەڕۆن؟

---

[1] مەبەست وەستای خانوو بەرەیە

خۆزگە توانام دەبووماڵەکانتانم هەمووی لە دەستمدا کۆ دەکردەوە و (مەبەست لە لاشەکانیانە)[١] هەروەک چۆن جوتیارێک تۆو دەوشێنێ و بڵاوی دەکاتەوە، بەو جۆرە منیش ئێوەم لە نێو ڕەزو دەشتەکان بڵاو دەکردەوە.

خۆزگە دەمتوانی ڕێگاکانتان بکەمە دۆڵ و سەوزایی و لەنێو ڕەزو باخەکاندا بەدوای یەکدا بگەڕانایە و کاتێک یەکترتان بدۆزیایەتەوە کە بەرگەکانی بەرتان بۆنی خاکی لێ بهاتایە، بەڵام من هێشتا ئەو توانایەم نیە.

ترس دڵی باوو باپیرانتانی داگیر کردبوو، ئەو ترسە تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە نێوانتاندا وای کردووە لە نێو شاردا پێکەوە کۆببنەوە و بژین، دیوارەکانی شار هێشتا ئاگردانی ماڵەکانتان و ڕەزەکانتان لێک جیادەکاتەوە.

ئەی خەڵکی ئۆرفالێس پێم بڵێن:

ماڵەکانتان لەچی دروستکراوە و چیتان لەنێویدا حەشار داوە وا لەپشت دەرگاوە پاسەوانی دەکەن؟ ئاشتی لە ماڵەکانتاندا هەیە؟ ئەو ئارامیەی کە هۆکاری بەهێزبونتانە.

یادگاریتان هەیە؟ ئەو تیشکە پڕشنگدارەی کە لوتکەکانی بیرکردنەوەتان پێکەوە دەبەستێتەوە؟

---

[١] لەم بەشەی پێشوو نووسەر مەبەستی لەماڵ لاشەیە، چونکە لاشە ماڵی ڕۆحە... بۆیە ئەو هەوڵ ئەدات جیاوازی نێوان دوو ماڵ دەربخات. ئەو ماڵەی کە ژیانی خۆپەرستی و ترس و تەماحی شار دروستی دەکات لەگەڵ ئەو ماڵەی لە نێوان سروشت و نزیک لە خودا دروستدەکرێت بۆ ڕۆحی مرۆڤ.

جوانیتـــان هەیە؟ ئەو هێــزەی کە دڵـــی هەڵکــۆڵراو لە دارو... تاشراو لە بەرد دەگۆڕیت بۆ شاخێکی پاک و پیرۆز؟

پـــێم بڵـــێن هەمـــوو ئەمانەتـــان هەیە؟ یـــان تەنیـــا خۆشـــگوزەرانی و شـــەهوەتی خۆشـــگوزەرانیتان هەیە؟ ئەو شـەهوەتە پیسـەی خۆی ئەخزێنێتە نێو ماڵەکانتـان سـەرەتا وەک میوانێـک و دواتـر خـۆی دەکـاتە خـانمی ماڵەکانتـان و دواتر خاوەن ماڵ.

بەڵـێ... شـەهوەتی خۆشـگوزەرانی دەبێـتە جڵەوگـری[1] ژیانتـان و بە قـامچیەکەی دەسـتی و بـە توتکەسـەگەکانی هەرچی هیـوا و ئاواتتـان هەیە لە نێـوی دەبـات و دەتانکـاتە بـووکەڵەیەکی بێگیـانی دەسـتی، ئەو دەسـتی وەک حەریـر نەرمونیان دەردەخات لە کاتێکدا دڵی لە ئاسنە.

ئارامتـان دەکـات تـا خەوتـان لێـدەکەوێت، بەڵام ئەو لەبەردەم پێخەفەکەتانـدا دەوەسـتێ و گـاڵتە بە لاشـەی پیرۆزتان دەکات.

دواتـریش گـاڵتە بەهەسـتە ناسـکەکانتان دەکـات چـۆن قاپ و شوشەی ناسک لەنێو لـۆکە دەکەن هەستەکانتان لە نێو لۆکەی گوڵێکی دڕکاوی دەکات.

---

[1] لێرەدا نوسەر وشـەی دۆمـاتریچێی بەکـار هێنـاوە کە مەبەسـت لە ئەو کەسەیە لە سێرکی ئاژەڵانـدا قـامچی بەدەسـتەو جـڵەوی جــوڵەو هەڵــس وکەوتــی ئاژەڵەکــانی بەدەســتە، بە کــوردی جڵەوگرم نوسیوە.

لە ڕاستیدا بە تەماح بوون بۆ خۆشگوزەرانی بەڵام ئەو ئـارەزوو حەزەکـانی ڕۆحتـان دەکـوژێ و دوایـش شـوێن تەرمەکەی دەکەوێ و بەگاڵتەجاڕییـــەوە لە ژێـــرەوە پێدەکەنێت، بەڵام ئێـوە... ئەی وەچەکـانی گەردوون... ئەی ئەوانەی بە بێکـاری نائـارام دەبـن، ئێـوە هەڵنـاخەڵەتێن و ناکەونە نێو داوەوە.

ماڵەکانتان هەرگیز نابێتە سـەنگی کەشتی و لەنگەر لە شـوێنیک بگـرێ، بەڵکـو دەبێـتە داری بەیـداخی کەشـتیەکە و دەگەڕێ. هەرگیـز ماڵەکانتـان نـابێتە ڕوپۆشـی شـاردنەوەی برینێک، بەڵکو دەبێتە ئەو پێڵوەی چاوەکانتان دەپارێزێت.

ئێـوە پێویسـتتان بەوە نـیە باڵەکانتـان جـووت بـکەن تـا بتـــوانن لە دەرگاکـــانەوە بچـــنە ژورەوە. هەر وەک چـــۆن پێویسـتتان بەوەش نـیە سـەرو ملتـان بچەمێننەوە لەترسـی ئەوەی بەر بنمـیچی ماڵەکانتـان بـکەوێ و هەناسـەکانتان قەتـیس نـاکەن لە ترسـی ئەوەی دیوارەکـان شـەقبەرێ و بـڕوخێ، ئێوە هەرگیـز لەو گۆڕانەدا نـاژین کە مردووەکـان بـۆ زیندووەکانیان هەڵکەندووە.

ئێـــوە هەرچەنـــدە ماڵەکانتـــان گەورە بێـــت بەشـــی شاردنەوەی نهێنیەکانی نـاو ناختـان و حـەزو ئارەزووەکانتـان ناکـات، بێسـنوری ئێـوە تەنیـا لە (مەملەکەتـی ئاسـمان)دا نیشـــتەجێ دەبێـــت، کە دەرگـــاکەی تەمی بەیانیـــانە و پەنجەرەکانیشی سرودە خامۆشەکانی شەوە.

# جل و بەرگ

پیاوێک کە بەرگدرو بوو گوتی:
لەسەر جل و بەرگ قسەمان بۆ بکە.
مستەفا وەڵامی دایەوە و گوتی:
بەرگەکانی بەرتان زۆرێک لە جوانیتان دەشارێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ناتوانێت ناشیرینیەکانتان بشارێتەوە.
گەر قیمەت بە بەرگەکانتان دەدەن لە پێناو ئەوەی لە چاوی خەڵک دەتانشارێتەوە، ئەوا چ ئازادییەک هەیە لە خۆشاردنەوەدا؟ جگە لەوەی بۆتان بووە بە کۆت و بەند.
خۆزگە بری جلەکانتان لەشتان زیاتر تیشکی خۆرو شنەی بای بەردەکەوت، چونکە هەناسەی ژیان لەتیشکی خۆردایەو دەستی لەگەڵ بادا دەجوڵێت.
هەندێکتان دەڵێن:

ئەو بەرگەی لەبەرمدایە بە بای باکور[١] چنراوە.

منیش دەڵێم: وایە. بای باکور چنیویەتی، بەڵام ئامێری چنینەکەی عاروعەیب بووە و تاڵە بەنەکانیشی لە لاوازی و ناتوندوتۆڵی بووە. بۆیە لەدوای چنینەکەی باکە چووە نێو دارستانەکە و گاڵتەی بە چنینەکەی دەهات و پێدەکەنی.

بیرتان نەچێ پۆشتەو پەرداخیتان تەنیا قەڵغانێکە لە چاوی کەسانی خراپ و پیس دەتانپارێزێ، کاتێ ئەو خراپی و پیسییە لەنێوبرا ئیتر چی لە پۆشتەو پەرداخییەکە ئەمێنێتەوە؟ جگە لەوەی کۆت و بەندێک بێت بۆ گەردن و مێشکتان؟

بیرتان نەچێ زەوی خۆشیی لە بەرکەوتنی پێی پەتیتان دەبینێ و باکەش حەز بە یاریکردن لەگەڵ پرچەکانتان دەکات.

---

[١] نووسەر زۆرجار بای باکوور باس دەکات لە ئاینی کۆندا بای باکور بە بایەکی پیرۆز دانراوە و بای گۆڕانکاریە گەورەکان بووە بۆیە هەر شتێک بۆ ئەوەی نرخدار بکرێت ووتویانە بای باکور هێناویەتی یان دروستی کردوە یان هتد

# کڕین و فرۆشتن

بازرگانێک پێی گوت: لەسەر کڕین و فرۆشتن بدوێ.
ئەویش گوتی: زەوی بەروبوومی خۆیتان دەداتێ کە بەشی هەمووتان دەکات، بە مەرجێ ئێوە بزانن چۆن دەستەکانتانی لێ پڕ دەکەن.
گەر بە یەکسانی ئاڵوگۆڕ بە بەروبوومی زەوی بکەن ئەوا بەختەوەری و دڵخۆشیتان پێدەدات، بەڵام گەر بە نایەکسانی و بێ خۆشەویستی ئاڵوگۆڕی پێوە بکەن ئەوا هەندێکتان بەرەو چاوبرسێتی و هەندێکیشتان بەرەو هەژاری دەبات.
ئێوەش ئەی کاسبکارانی دەریا و کێڵگە و ڕەزەکان کە لە بازاڕەکەدا بەیەک دەگەن لە لای عەتار و گۆزەفرۆش و کاسبکارانی تر، ڕێگە بدەن با ڕۆحی مەزنی زەوی لە

نێوانتاندا بێ و نرخی فرۆشتنی بەینی شتەکان بە یەکسانی ڕابگرێت، ڕێگە مەدەن خەڵکی تەماعکارو بێڕزق بێنە نێوان مامەڵەکانتان و قسەکانیان بەرامبەر بە کارەکانتان بفرۆشن، بەوانە و هاوشێوەی ئەوانە بڵێن:

لەگەڵماندا وەرن بۆ کێڵگەکان یان لەگەڵ براکانمان بڕۆن بۆ دەریا لەوێ تۆڕەکانتان هەڵدەنە دەریاوە، ئەوجا دەبینن زەوی و دەریا، هەر وەک چۆن لەگەڵ ئێمەدا بەخشندەن لەگەڵ ئێوەشدا بەخشندەن.

ئاگادار بن ئەگەر گۆرانیبێژو سەماکەرو ئاوازژەنەکانیش هاتن، ئەو دیاریانە لەوانیش بکڕن کە هێناویانە، چونکە ئەوانیش میوەهات و بۆن و بەرامی خۆش بەڕێگەی جیاوازی خۆیان کۆدەکەنەوە، ئەوەی ئەوان پێشکەشی دەکەن پێکهاتەیە لە خەون و پەڕە لە بەرگ و خواردن بۆ ڕۆحتان.

پێش ئەوەی مەیدانی بازاڕەکە چۆڵ بکەن ئاگاداری ئەوەبن کەس بە دەستی بەتاڵ نەڕواتەوە، زەوی مەزن ناتوانێت بە ئارامی لەسەر شنەی باکە بخەوێ، تا دڵنیا نەبێت دواکەسی بازاڕەکە هەموو پێداویستییە بچوکەکانیشی جێبەجێ کراوە.

# تاوان و سزا

یەکێک لە قازییەکانی شارەکە هاتە پێشەوەو گوتی:
باسی تاوان و سزامان بۆ بکە.

وەڵامی دایەوەو گوتی: کاتێک ڕۆحتان بە سەرگەردانی و بێ هاوڕێ و بێ ڕەقیب لەگەڵ بادا گوزەر دەکات، ئەو کاتە دەکەونە هەڵەی ناهەقی بەرامبەر کەسانی دیکە و دواجار خۆشتان، بۆ پاکبوونەوەی ئەو ناهەقییە دەبێت لە دەرگای چاکەکاران بدەن و سەبرتان هەبێت پشتیوانیتان لێ بکرێت، چونکە هەندێ جاریش بە ڕوتاندا ناکرێتەوە.

ئەوە بزانن کە زاتی خودایتان وەک دەریا وایە هەرگیز پیس نابێت، وەک ئەسیر وایە تەنها خاوەن باڵەکان پێی دەگەن.

وەک خۆر وایە کونی مشکەکوێرە نازانێ و بەشوێن کونە ماردا ناگەڕێ، تا ڕووناکییان بۆ بەرێت.

ئەوەش بزانن لە ئێوەدا زاتی خودایتان تەنها نیە، هەندێکتان بۆتە مرۆڤ و هەندێکتان هێشتا نەبووە و ئەو مرۆڤە قەزەمەی تێدایە کە هێشتا کامڵ نەبووەو بەدەم خەوەوە بەشوێن خەبەربونەوەی خۆیدا دەگەڕێت.

من ئەمڕۆ دەمەوێت لەبارەی ئەو کەسەوە بدوێین کە بۆتە مرۆڤ، نەک لەبارەی زاتی خودایتان و مرۆڤە قەزەمە ناکامڵەکەی نێوتان، کە دەزانێت تاوان و سزا چیە.

زۆرجار گوێم لێتان بووە دەڵێن: ئەوەی تاوانی کردووە لە ئێمە نیە و نامۆیە بە دنیا و ژیانی ئێمە، بەڵام من پێتان دەڵێم: هەر چۆن چاکەکاران ناتوانن خۆیان بە بەرزتر لەو چاکەکارییە بزانن کە لە ئێوەدایە، بەهەمان شێوە خراپەکارانیش ناتوانن خراپەی خۆیان بە نزمتر لەو نزمیە بزانن کە لەئێوەدایە.

هەروەک چۆن هیچ گەڵایەک لە گەڵای دارێک ناتوانێت بێ ئاگاداری و بێدەنگی دارەکە زەرد ببێت، بەهەمان شێوە هیچ تاوانبارێک ناتوانێت تاوان بکات گەر بێدەنگی و توانای شاراوەی ئێوەی لەگەڵ نەبێت.

ئێوە وەک کەژاوەیەک بە کۆمەڵ و پێکەوە بەرەو زاتی خودایتان دەڕۆن و خۆتان ڕێگان و هەر خۆشتان پێیدا

تێدەپەڕن. گەر یەکێک لە ئێوە کەوت ئەوا لەپێناو ئەوەدا دەکەوێت کە لەدوایەوە دەڕوا، تا ئاگاداری بکات کە لەسەر ڕێگاکە بەردێک هەیە.

بەهەمان شێوە لەپێناو ئەوانەش دەکەوێت کە لە پێشی دەڕۆن، چونکە هەرچەندە ئەوان بە خێرایی و قاچە بەهێزەکانیانەوە ڕۆیشتون، بەڵام بەردی سەر ڕێگاکەیان نەدیوەو جێیانهێشتووە و ئەم لای دەبات.

بۆیە پێتان دەڵێم، هەرچەندە قسەکانم لەسەر دڵیشتان قورس بێت:

کوژراو ... بێتاوان نیە لە تاوانی کوشتنەکە.

دزی لێکراو... بێ خەتا نیە لە دزیکردنەکە.

پیاوچاکان... بێبەری نابن لەو خراپەیەی خراپەکاران هێناویانە.

دەستپاکان... بێبەری نابن لەو پیسییەی دەستپیسان هێناویانە.

بەڵێ زۆرجار پیاوکوژ دەبێتە قوربانیی ئەو کەسەی کوژراوە، زۆر جار تاوانبار هەڵگری تاوانی کەسانی دیکەن و دەبنە هۆکاری بێ تاوانییان.

ئێوە چۆن دەتوانن جیاوازی لەنێوان ڕاست و ناڕاست بکەن، لە نێوان باشە و خراپە؟ چونکە پێکەوەن هەر وەک چۆن بەنی سپی و ڕەش کە بۆ چنین تێکەڵ کرابێت، لەبەر

تیشــکی خــۆردا ســـەیری بـــکەی هیچیـــان لە هیچیـــان جیاناکەیتەوە ئەوانیش بەو جۆرەن.

کــاتێ بەنە ڕەشــەکە دەپچــڕێ ئەوەی کــاری چنیــنەکە دەکــات لەســـەر تــا خــوار چنــراوەکەی دەپشــکنێ و دوایــش دەزگای چنینەکەدەپشکنێت.

گەر یەکێک لە ئێوە ویستی دادگایی ژنێکی خیانەتکار بکــات ئەوا بەهەمــان شــێوە بــا دڵــی مێردەکەشــی بخــاتە تەرازوی دادگاوە و بەڕۆحی کێشانەیان بۆ بکات.

گەر یەکێــک لە ئێــوە ویســـتی شـــوڵککاری (جلـــد) تاوانبارێک بکــات، ئەوا بــا تەماشــای دڵــی تــاوانلێکراوەکەش بکات.

گەر یەکێکتان ویستی بەناوی دادوەرییەوە بە تەورداس لە لق و پۆی ئەو دارە ببڕێ، کە بە داری شــەڕ نــاوی دەبــات، ئەوا بــا ڕەگەکەی بیــر نەچێــت و بیپشــکنێت، ئەوســا دەبینــێ ڕەگی شەڕو ڕەگــی چــاکە، ڕەگــی بەردارو بێبەر بە بێدەنگی لە نێو زەویەکەدا بەیەکداچون.

ئێـــــوەش دادوەران کە دەتانەوێـــــت یەکســـــانی لە بڕیارەکانتاندا هەبێت دەتوانن چ سزایەک بەسەر ئەو کەسە بدەن کە بە لاشە پاک و بە ڕۆح دزە؟

دەتــوانن چ ســزایەک بەســەر کەســێکا بــدەن کە جەســتە دەکوژێ و خۆیشی لەڕۆحدا کوژراوە؟

چۆن دەتوانن سزای کەسێکی ساختەکارو فێڵزان بدەن لە کاتێکدا خۆی ساختەو فێڵی لێکراوە؟

چۆن دەتوانن سزای کەسێک بدەن کە پەشیمانی لە تاوانەکەی زۆرترە؟

ئایا پەشیمانی ئەو دادە نیە کە یاسا دەیەوێت بیسەپێنێت و ئێوەش پێتان خۆشە لە خزمەت یاسادا بن؟.

ئێوە ناتوانن پەشیمانی لە دڵی بێتاواندا بچێنن و لە دڵی تاوانباریشی هەڵبکێشن، چونکە پەشیمانی لەنێو تاریکی شەودا دێ و خەبەریان دەکاتەوە، تا لە کارەکانیان بڕوانن و لەکاری خراپ پەشیمان ببنەوە.

ئێوەش ئەی ئەوانەی لە دادپەروەری دەگەن، چۆن دەتوانن دادپەروەر بن گەر هەموو کردەوە و کارەکان لەبەر ڕوناکی سەیر نەکەن؟

ئەو کاتە بۆتان ئاشکرا دەبێت کە دروست و نادروست یەکن و لەنێوان ڕۆژی زاتی خودایتان و شەوی مرۆڤی قەزەم و ناکامڵتاندایە.

ئەوەشتان بیربێت کە هیچ بەردێکی بەرزی پەرستگاکە لە نزمترین بەردی پیرۆزتر نیە.

# یاسا

پارێزەرێک گوتی:

مامۆستا، لەبارەی یاساکانمانەوە چی دەڵێیت؟

لە وەڵامدا گوتی:

ئێوە بەدانانی یاساکانتان دڵخۆشن، بەڵام بە بەزاندنی هێندەی تر دڵخۆش دەبن. هەر وەک ئەو منداڵانەی لە لەی کەنار دەریا بەشەوقەوە قەڵا دروست دەکەن و دوایی بە ڕوخاندی قاقا پێدەکەنن.

بەڵام کاتێ ئێوە قەڵا لە لم دروست دەکەن، دەریا لەی زیاترتان لەگەڵ خۆی بۆ دێنێت و کاتێ دەیڕوخێنن لەگەڵتان پێدەکەنێت، چونکە دەریا هەمیشە لەگەڵ کەسانی پاک و بێتاوان پێدەکەنێت.

بەڵام چی بەو کەسانە دەڵێن کە یاساکانی مرۆڤ بۆیان قەڵای لم نین و ژیانیش بۆیان دەریا نیە، بەڵکو تاشەبەردێکە؟

ژیان وەک تاشە بەردێک دەبینن و یاساش وەک قەڵەمتاشی[١] بەردەکە و لەسەر بەردەکە شێوەی خۆیانی پێ دەتاشن. یان چی بە گۆجێک دەڵێن کە ڕقی لە سەماکردنە؟ یان بەو گایەی جوت ئەکات و (نیرە)[٢]ی ملی خۆشدەوێت و مامز و ئاسکەکێوی دارستان بە سەرگەردان و سەرلێشێواو دەزانێت؟

یان ئەو مارە پیرەی کە توانای فڕێدانی کاژی نیەو مارەکانی تر بە ڕووت و بێ شەرم ناودەبات؟

یان ئەوانەی پێشوەخت دەچنە ئاهەنگ و هەرچی هەیە دەیخۆن و دەیخۆنەوە و دواتر ئەڵێن خوانی ئاهەنگ ناشەرعیە و ئاهەنگێڕیی پێشێلکارییە؟

چی بەو کەسانە دەڵێن؟ لەبەر تیشکی خۆردا وەستاون بەڵام پشتیان لە خۆرەکەیە و تەنها سێبەری خۆیان دەبینن، سێبەرەکەشیان یاسای ئەوانەو تاکە مانای خۆر لایان سێبەر دروستکردنە؟

---

[١] ئەوەی بەردی پێ دەتاشرێت

[٢] نیرە بەو قوڵف و دارەی ملی گای جووتکردن دەگوترێت کە بۆ جوتکردن دەیکەنە ملی (هەمانە بۆرینەی مامۆستا هەژار).

چەسپاندنی یاساش لایان چی دەگەیەنێت جگە لە چەماندنەوەو دروستکردنی سێبەرەکەی خۆیان لەسەر زەوی نەبێت؟ بەڵام ئێوە ئەی ئەوانەی ڕووەو خۆر دەڕۆن... چ سێبەرێکی سەر زەوییەکە دەتوانێت ئێوە بووەستێنێت؟

ئەی ئەوانەی لەگەڵ با دەڕۆن، چ ئامێرێکی با ناسین کە مرۆڤ دروستی کردوە دەتوانێت ئاڕاستەی ڕێگەکەتان بکات؟ چ یاسایەکی مرۆڤ دەتوانێت کۆت و بەندتان بکات؟ گەر نیرەی ملی خۆتان بشکێنن لەپێش دەرگای ئەو زیندانەی کە مرۆڤ دروستی کردوە؟ لە چ یاسایەک دەترسن گەر سەماتان کرد بەمەرجێک وریابن قاچتان لە هیچ کۆت و زنجیرێک هەڵ نەکەوێت؟ کێ دەتوانێت بتانباتە دادگا لەسەر ئەوەی جلی بەرتان داداڕاوە؟ بەمەرجێ لەسەر ڕێگەی کەسی دیکە فڕێتان نەدابێت؟

ئەی خەڵکی ئۆرفالیس

ئێوە دەتوانن تەپڵەکانتان بێدەنگ بکەن و ژێی (چەنگ)[1]ەکانتان خاو بکەنەوە، بەڵام کێ لە ئێوە دەتوانێت بە چورە[2] بڵێت نەخوێنێ؟

---

[1] ئامێرێکی مۆسیقا ژەنینە

[2] (Lark) بە کوردی چورەو بە فارسی چکاوک و بە عەرەبی قبرە، جۆرە باڵندەیەکی کێوی دەنگ خۆشە، زیاتر لەسەر بەرد و زەوی هەڵدەنیشێت و هێلانە دەکەن. ڕەنگی خاکییە و وخەتخەتە.

## ئازادی

وتاربێژێک گوتی: باسی ئازادیمان بۆ بکە.

ئەویش وەڵامی دایەوەو گوتی: لە دەروازەی شارو لەنزیک ئاگردانی ماڵەکانتان ئێوەم دیوە کڕنوشتان بردوەو ئازادی خۆتان پەرستووە.

هەروەک چۆن کۆیلەیەک لەبەردەم خاوەنەکەی سەری خۆی نەوی دەکات و بە شان و باڵیدا هەڵدەدا لە کاتێکدا دەشزانێ کۆیلەی دەستی ئەوە.

بەڵێ لەنێو باخی پەرستگاکەو لە سێبەری قەڵاکەدا ئازادترین کەسی ئێوەم دیوە کە ئازادی خۆی وەک کۆت و زنجیر لە مل کردووە.

کاتێـک ئەوانەم بینـی خـوێن لە دڵـم دەهـات و ئـازارم دەچەشـت، چـونکە ئێـوە نـاتوانن ئـازاد بـن.. تەنهـا ئەو کـاتە نەبێ کە ئارەزوتان بۆ ئازادی بکەنە هەوڵدان، نابێت ئـازادی تەنها وەک هیواو ئامانجێک سەیر بکەن، چونکە لە ڕاسـتیدا کاتێـک ئـازادن کە ڕۆژو شـەوتان بـێ دڵەڕاوکـێ و بـێ غەم و ئازار نەبێ، هەرکـات توانیتـان بەسـەر ئەمـانەدا زاڵـبن و لێـی بێنەدەرێ.. ئەوکات دەتوانن ئازاد بن.

بەڵام چـــۆن دەتـــوانن بەســـەر ئەو ڕۆژو شـــەوە پـــڕ ئازارانەدا سەرکەون گەر ئەو کۆت و زنجیرە نەبپچڕێنن، کە لەگەڵ بەیـانیی هۆشـیاریتان ڕونـاکیی ژیانتـانی پـێ کـۆت کـــراوە؟ بەڕاســـتی ئەوەی ئێـــوە بە ئـــازادی نـــاوی ئەبەن بەهێزتـرین زنجیـرە بۆتـان، هەرچەنـدە لەژێـر تیشـکی ڕۆژدا ئەڵقەکانی ئەبریسکێتەوەو سەرنجتان ڕادەکێشێت.

ئایا هەمـوو ئەوەی لەخۆتـانی دوور دەخەنەوە بـۆ ئەوەی ئـــازاد بـــن، بەشـــێک نـــیە لە خۆتـــان؟ گەر یاســـاکانتان نـادادوەرانەیە و دەتانەوێـت لێـی ئـازادبن، ئایـا بەدەسـتی خۆتـان لەسـەر نێـوچەوانی خۆتـان نەتانووسـیوە؟ مەحـاڵە بتـوانن بە سـوتاندنی کتێبـی یاسـاکان لەنێـوی بەرن و بە شـۆردنی نێـوچەوانی دادوەرەکـان بیسـڕنەوە، تەنـانەت گەر هەموو ئاوی دەریاشی بۆ بهێنن.

گەر ویســـتان عەرشـــی ســـتەمکارێک بـــڕوخێنن ئەوا لەپێشـدا ئەو عەرشـە بـڕوخێنن کە لەنێـو دەرونتانـا بۆتـان

دروستکردوە،چونکە هەرگیز ستەمکار ناتوانێت حوکمی کەسێکی ئازاد و سەربەست بکا مەگەر خۆی ئازادی و سەربەستی خۆی دۆڕاندبێ و گەر ئێستا بێزاریت و دەتەوێ ڕزگارتبێ ئەوە خۆت بۆ خۆتت هەڵبژاردوە و کەس بە زۆر نەی سەپاندۆتە سەرت.

گەر ترسێک لە دڵتانا هەیە و دەتانەوێ ڕزگارتان بێ لێی، ئەوا ترسەکە لە دڵی خۆتاندایە نەک لە دەستی ئەوەی لێی دەترسن.

لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی دەتانەوێت و ئەوەی ناتانەوێت، ئەوەی حەزی پێدەکەن و ئەوەی حەزی پێناکەن، ئەوەی بۆی دەگەڕێن و ئەوەی لێی هەڵدێن، هەر هەمووی لەنێو دەرونتانا تێکئالاون و پێکەوە دەگوزەرێن هەروەک چۆن ڕوناکی و سێبەر هەمیشە پێکەوەن و کاتێک سێبەرەکە وون دەبێ ڕوناکییە جێماوەکە لەپاشی دەبێتە سێبەر بۆ ڕوناکییەکی نوێ.

ئازادی ئێوەش بەم جۆرەیە کاتێک لە کۆت و بەندێک ڕزگاری دەبێت، خۆی دەبێتە کۆت و بەندی ئازادییەکی مەزنتر.

# عەقڵ و سۆز

دیسانەوە مەترا گوتی: باسی عەقڵ و سۆزمان بۆ بکە.
مستەفا لە وەڵامدا گوتی:
زۆر جار ڕۆحتان مەیدانی ململانێی نێوان عەقڵ و فکرتانە لەگەڵ سۆزو ئارەزوتاندا، خۆزگە دەمتوانی ئاشتی لە ڕۆحتاندا بڕوێنم و ململانێ و دژایەتی نێو ڕۆحتان بگۆڕم بە تەبایی و پێکەوە گونجان، بەڵام ئەمە توانای من نیە، دەبێت خۆتان خوازیاری ئاشتی و عاشقی بوونی خۆتان بن.
عەقڵ و سۆزتان وەک بەیداخ و سوکانی کەشتی ڕۆحتانە، هەرکات بەیداخی ئەم کەشتیە دڕا یان سوکانی شکا ئەوا بەسەرگەردانی لە نێو دەریا گیر دەخۆن. چونکە گەر تەنیا عەقڵ فەرمانڕەوابێت دەبێتە هۆی ڕێگری و سنوردار کردنی هەڵسوکەوتتان، وە ئەگەر تەنیا سۆز فەرمانڕەوایتان بکا ئەوا لە کاتی لەدەستدانی دەبێتە ئاگرو گڕ لە خۆیشی بەردەدا، کەواتە لێگەڕێن با لەنێو ڕۆحتاندا عەقڵ بە بەرزاییەکانی سۆزدا هەڵگەڕێ و گۆرانی بۆ بڵێ، لێگەڕێن سۆزتان جڵەوی عەقڵتان بگرێ و لە مردنی خۆیدا

بــژێتەوە هەروەک چــۆن قەقــنەس[1] لەنێــو خۆڵەمێشــی سوتاوی خۆیدا دیسانەوە بە زیندویی سەر دەردێنێتەوە.

وەک دوو میـوانی خۆشەویسـت ڕەفتـار لەگەڵ عەقـڵ و ســۆزتاندا بــکەن، بە یەک شــێوەو بە یەکســانی ڕێــزو خۆشەویســتیان لێبنــێن، چـونکە گەر گرنگــی بە یەکێکیـان زیــاتر بــدەن ئەوا خۆشەویســتی نەک یەکێکیــان بەڵکــو هەردووکیان لەدەست دەدەن.

کــاتێ لەژێــر ســێبەری دارچنــارێکی گەڵا ســپی ئەم گردۆڵکــانەدا دانیشــتن و لە بێــدەنگی و جــوانی کــێڵگەو ڕەزەکانتان ڕوانی و پێی سەرسام و حەیران بوون، ئەوا ڕێگە بە دڵتـان بـدەن بە بێـدەنگی بڵـێ (خـودا لە عەقڵـدا پشـوو دەدات) کــاتێکیش بــاو بــۆران هەڵــدەکات و درەختــی دارســتانەکە ڕادەژەنـێ و هەورەتریشــقە و گرمەگـرمی هەور توانای بەهێزی عەرشـی خـودا نیشـان دەدات ئەو کاتە ڕێگە بە دڵتـان بـدەن بە لەرزۆکیـیەوە بڵێـت: (ڕۆحی خـودا لە نێـو ســۆزدا دێــت و دەچێــت)، چــونکە ئێــوە گەڵای دارێکــن لە دارســتانی خـوداو هەناسـەیەکن لە گەردوونـی خـودا، بـۆیە دەبێت ئێوەش لە عەقڵدا پشوو بدەن و لە سۆزدا بێن و بچن.

---

[1] قەقــنەس: باڵنــدەیەکی ئەفســانەییە، کە بە جــوانی و هێــز بەناوبانگە. گوایە ئەم باڵندەیە پاش چەندین ساڵ لە ژیان.. بۆ ئەوەی سەر لەنوێ بەجوانی و بەهێزی خۆی دروست بکاتەوە، لەنێو ئاگردا خۆی دەسوتێنێت و دووبارە لەنێو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا لە دایک دەبێتەوە.

# ئازار

ئافرەتێک گوتی: باسی ئازارمان بۆ بکە.

وەڵامی دایەوە و گـــوتی: ئازارەکانتـــان شـــکاندنی ئەو توێکڵەیە کە هۆشـیاریتانی دەور داوە ، هەروەک چۆن دەبێ ناوکی میوە شـەق بەرێ تـا تیشـکی خۆر لە دەنکەکەی بدا، بەو شێوەیە دەبێ ئێوەش ئاشنای ئازار بن.

گەر بتـوانن دڵتـان بەو سەرسـامیە ڕابێـنن کە لە سـەیرو سەمەرەکانی ژیاندا هەیە ئەوا بە ئازارەکانتـان خەمبار نـابن هەروەک چـۆن بـۆ خۆشـیەکانتان خەمبـار نـین، ئەو کـاتە وەرزەکانی دڵی خۆتان قبوڵ دەکەن هەروەک چۆن قبوڵتـانە وەرزەکان بەسەر کێڵگەکانتانا تێپەڕێ.

ئەو کاتە بە سەبرو ئارامیەوە زستانی خەمەکانتان قبوڵ دەکەن چونکە زۆرێک لەو خەمانە خۆتان هەڵتان بژاردووە.

ئازارەکانتان ئەو دەرمانە تاڵەیە کە ئەو پزیشکەی[١] لەنێوتانایە برینەکانتانی پێ ساڕێژ دەکات، کەواتە بڕواتان بەو پزیشکە هەبێ و دەرمانەکانی بە بێدەنگی و باوەڕ بوونەوە بنۆشن، هەرچەندە ئەو دەستی قورس و ڕەقە بەڵام بە میهرو بەخشندەیی دەیجوڵێنێ،هەرچەندە ئەو جامەی دەتانداتێ لێوەکانتان دەسوتێنێ بەڵام ئەو قوڕەی لێی دروستکراوە بە فرمێسکی پیرۆزی گۆزەکەری مەزن شێلدراوە[٢].

---

[١] مەبەست ڕۆحی خودایە لەنێو مرۆڤدا وەک پزیشکێک.

[٢] مەبەست لەو جۆرە جامەیە، کە لە قوڕ دروستکراوە و گۆزەکەری مەزنیش مەبەست لێی خودایە.

# خۆناسین

پیاوێک گوتی: لەبارەی خۆناسینەوە قسەمان بۆ بکە.

ئەویش گوتی:

دڵتان بە بێدەنگی نهێنیەکانی ڕۆژو شەوتان دەزانێ، بەڵام گوێتان تینوی بیستنی دەنگی دڵتانە، هەمیشە دەتانەوێت بە گوتن ئەوانە بزانن کە بە فکر فێری بوون، دەتانەوێت دەستان بەر جەستەی ڕووتی خەونەکانتان بکەوێت، ئەوەش خۆویستنێکی باشە.

باشتر وایە بزانن کە دەبێ کانیی قەتیسی شاراوەی ڕۆحتان بتەقێ و بەخوڕ بەرەو ئاوی دەریا بڕوات، ئەو کاتە گەنجینەی شاراوەی نێو قوڵایی دەرونتان بەچاو دەبینن.

بەڵام تەرازو بۆ کێشانی ئەو گەنجینە شاراوەیە مەهێنن، قوڵایی دەرونتان بە پەت و شاوڵ مەپێون، چونکە (خود) دەریایەکی بێ سەرو بنەو پێوانە ناکرێ.

هەرگیز مەڵێن (ڕاستیم دۆزییەوە)

بەڵکو بڵێن (ڕاستییەکم دۆزیەوە)
مەڵێن (ڕێگای ڕۆحم دۆزییەوە)
بەڵکو بڵێن (ڕۆحم بینی بە ڕێگای مندا دەڕۆی)

چونکە ڕۆح بە هەموو ڕێگاکاندا دەڕوات، هەرگیز ڕۆح لەسەر ڕێگایەکی کێشراو بۆی ناڕوات و هەرگیز وەک قامیشیش[1] هەڵناکات.

ئەو وەک گوڵە زەنبەقی ئاوی (نیلوفر)[2] لەسەر ئاو خونچەی خۆی دەکاتەوە، کە گوڵەکانی لە ژماردن نایە.

---

(١) مەبەست ئەوەیە نە لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات و نەوەک قامیش هەڵدەکات و ڕێگەی لێ جیا ببێتەوە، چونکە قامیش لەسەرەوەی چڵ و تاڵی زۆری لێ جیا ئەبێتەوە و ئەو ڕێکیەی پێی هەڵچووە وونی دەکات.

(٢) نیلۆفر ڕوەکێکە کە لەسەر ئاو، گوڵ دەکات و گوڵەکانی وەک تاج وایە.. گەڵایەکی پانی سەوزی هەیە زۆر جار ڕووی ئاوەکە دائەپۆشێت.

# فێرکردن

مامۆستایەک گوتی: لەبارەی فێرکردن بۆمان بدوێ.
مستەفا گوتی:
کەس ناتوانێ هیچتان بۆ ئاشکرا بکات و فێرتان بکات تەنها ئەو زانیاریانە نەبێ کە وەنەوزیان لە هەڵهاتنی خۆری بەیانی فێربونتان داوە[1].

ئەو مامۆستایەی کە لەسێبەی پەرستگاکەدا بە نێو قوتابی و موریدەکانیدا دێت و دەڕوات و هیچ لە حیکمەتی خۆی نابەخشێ، بەڵکو تەنها لە خۆشەویستی و بڕواکەی نەبێت. چونکە گەر بە ڕاستی ئەو حەکیم بێت ناتانبات بەرەو مەنزلگای حیکمەتی خۆی، بەڵکو بەرەو مەنزڵگای بیرو حیکمەتی خۆتانتان دەبات.

---

[1] کلیلی فێربوون بە بڕوای نوسەر لای مرۆڤ خۆیەتی و کەس نایدا بەکەس، هەموو مرۆڤێک لە نێویدا و لە دوری خۆی پڕە لە زانیاری کە وەنەوزی خەو دەدەن و زێدە خەوتون.

گەردونناسێک ڕەنگە بتوانێ لە بارەی یاساکانی ئاسمان هەندێک باستان بۆ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت تێگەشتنی خۆی بدا بەئێوە.

ڕەنگە مۆسیقاژەنێ بتوانێت زۆر لە ئاوازە خۆشەکانی دنیاتان بۆ بژەنێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو گوێیەتان بداتێ، کە ئاوازەکە ڕێکدەخات و سەدای ئەو دەنگەی دەریدەکات.

ڕەنگە ئەو ماتماتیکزانەی کە لە زانستی ژمارە دەزانێت لەبارەی جیهانی کێش و ئەندازەو تایبەتمەندیەکانی بۆتان بدوێت، بەڵام ناتوانێت پەلکێشی نێو ئەو زانستەتان بکات، چونکە بیر و تێگەشتنی کەس باڵەکانی خۆی بە کەسی دی نابەخشێت. هەروەک چۆن بۆ ناسینی خودا تەنهان، دەبێ لە تێگەیشتنی نهێنیەکانی خودا و زەویشدا تەنها بن.

# هاوڕێیەتی

گەنجێک پرسی: لەسەر هاوڕێیەتی چی دەڵێیت؟
ئەویش گوتی:
هاوڕێکەت خواستەکانی تۆیە.

ئەو بۆ تۆ ئەو کێڵگەیەیە کە بەخۆشەویستیەوە تۆوی تێدا دەچێنی و بە شوکرانەوە دەیچنیتەوە.

ئەو بۆ تۆ مێزی خوان و ئاگردانە، چونکە بە برسێتی ڕوی تێدەکەیت و تێیدا بۆ گەرمی و ئارامی دەگەڕێیت.

کاتێک هاوڕێکەتان لە بارەی بیروڕای خۆی دەدوێ، لە وشەی بەڵێ یان نەخێر مەترسن و بیڵێن. کە بێدەنگیش بوو با دڵتان گوێی لە دەنگی دڵی بێ، چونکە لە هاوڕێیەتیدا هەموو فکرو خواست و ڕاکان بە بێدەنگی لەدایک دەبن و لەنێوانیاندا بە خۆشیەوە بەشی دەکەن.

گەر هاوڕێیەکت جێیهێشتی دڵگران مەبە، چونکە زۆر جار جوانیەکان لە کاتی دوورکەوتنەوەدا دەبینین. هەروەک چۆن جوانی شاخ بۆ ئەو شاخەوانەی پێیدا هەڵدەگەڕێت لە دورەوە جوانتر دەردەکەوێت.

لە هاوڕێیەتیدا هیچ مەبەستێکتان نەبێت جگە لە قولْکردنی ڕۆحی خۆشەویستی هاوڕێیەتی، گەر خۆشەویستی نەتوانێت پەردە لەسەر نهێنیەکانی خۆی لابدات ئەوا هیچ بەرهەمێکی نیە و وەک ئەو تۆڕە وایە کە تەنها شتی بێکەڵک و بێسودی گرتبێ.

هەمیشە لە باشییەکانی خۆتان بە هاوڕێکانتان ببەخشن، گەر داکشان و نشوستیەکانی ژیانتانی بینی با هەڵکشان و سەرکەوتنەکانی ژیانیشتان ببینن.

هاوڕێیەتیتان با بۆ بەسەربردنی کات و بێسوودی نەبێت، بەڵکو لەنێو کاتی پێکەوەبونتان بژین.

هاوڕێکانتان بۆ ئەوە نەوێت کاتی بەتاڵی خۆتانی پێبەرنەسەر، بەڵکو با بۆ پڕکردنەوەی خواستەکانی یەکتر بێت.

کاتێ لەگەڵ هاوڕێکانتان بوون باهاوڕێیەتیتان شیرن بێت و پڕبێت لە پێکەنین و خۆشی و شادی بەشکردن، چونکە دڵ هەمیشە لەسەر شەونمی کردەوە وردەکاندا پڕشنگ دەداتەوە.

# قسەکردن

زانایەک گوتی: لەبارەی قسەکردن بۆمان بدوێ.
ئەویش گوتی:

ئێوە کاتێ لەگەڵ فکرتان هەڵناکەن دەکەونە قسە، کاتێ کە ناتوانن چیتر لە تەنهایی دڵتانا بمێننەوە لە ڕێگەی لێوەکانتانەوە دەژێن، چونکە دەنگخۆشیتان پێدەبەخشێت.

قسەکانتان دەبێتە هۆی لەنێوچوونی هەندێک لە فکرەکانتان، چونکە فکرتان وەک باڵندەیەکی ئاسمانی وایە گەر بیخەیتە نێو قەفەزی قسەوە ڕەنگە بتوانێت باڵەکانی بکاتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بفڕی.

هەندێ هەن کە پیشەیان بۆتە زۆر گوتن و درێژدادڕی، کە هۆکارەکەی ترسیانە لە تەنیایی، چونکە بێدەنگی و تەنیایی وێنەی (خود)ی ڕوتیان لەپێش چاویان دەردەخات و کە بە خودی خۆشیان ئاشنا دەبن هەڵدێن.

هەندێکی ترتان هەن بەبێ مەبەست و بێ زانیاری لەخۆیانەوە قسەدەکەن ڕاستییەک لە قسەکانیاندا دەردەخەن کە تەنانەت خۆیشیان لە مەبەستی ناگەن.

هەندێ کەسانی تر هەن کە لە دڵیاندا ڕاستی هەیە، بەڵام بە گوتن دەرینابڕن. لە سنگی ئەم کەسانەدا ڕۆح بە ڕیتمێکی بێدەنگ هەناسە دەدات.

گەر لە سەرەڕێ یان لە مەیدانەکە بە هاوڕێکەت گەشتی بهێڵە لێوەکانت لە ڕۆحتەوە بجوڵێ و زمانت بێنێتە گۆ.

ڕێگە بدەن ئەو دەنگەی لە دەنگتانایە بۆ ئەو گوێیەی لە گوێیدایە بدوێ، چونکە بەو شێوەیە لە ڕۆحی ئەودا ڕاستی دڵی تۆ دەمێنێ.. هەروەک چۆن تامی شەرابی خۆش لە دەمدا دەمێنێتەوە لە کاتێکدا نە ڕەنگی شەراب و نە جامی بادە ماوە.

# کات

گەردوونناسێک گوتی: مامۆستا.. لەسەر کات چی دەڵێی؟

مستەفا گوتی: دەتانەوێت کات بپێون؟ بەڵام ئەوەندە بزانن کە کات بێ سنوورو نەپێوراوە.

ئێوە دەتانەوێت ڕەفتارتان و تەنانەت ڕاڕەوی ڕۆحیشتان بە گوێرەی کاتژمێرو وەرزەکان ڕێک بخەن و لە کات ڕووبارێک دروستدەکەن و دواتر سەرنج لەوە دەدەن چۆن لەسەری دەڕوا.

بەڵام ئەوەی لە ناوتاندایە (خودی نەمرتان) باش دەزانێت کە ژیان کات دەستنیشانی ناکات، دەشزانێت کە دوێنێ هیچ نیە لەوەزیاتر کە بیرەوەریەکە بۆ ئەمڕۆو سبەینێش خەونی ئەمڕۆیە.

ئەو گۆرانی دەڵێت و ئەندێشەی ئەو ساتە دەکاتەوە کە ئەستێرەکان لە بۆشایی گەردوندا بۆ یەکەم جار

بڵاوبـوونەوە[١]. كـێ لە ئێـوە هەیە نەزانـێ كە خۆشەویسـتی توانایەكی وا گەورەی هەیە كە سنووری بۆ نیە؟

ئـایە ئەو خۆشەویسـتیە بێسـنورە لە ناوەڕاسـتی بـوونی خۆیدا چەقی نەبەستووە؟

ئایە دەتوانێ لەو شێوە خۆشەویسـتیەی هەیە بگـۆڕدرێ بـۆ شـێوازێكی دیكـە لە خۆشەویسـتیەكی دیكـەدا؟ كەواتە كـات وەک خۆشەویسـتی وەهـایە، دابەش نابێـت و پێـوانە ناكرێت.

گەر هاتوو لە ئەندێشەتاندا كاتیشتان دابەش كـرد، ئەوا بـا هەر وەرزێـک وەرزەكـانی تریشـی تێـدا بێـت. بائێسـتاتان ڕابردوو بە خۆشەویستی و داهاتوش بە شەوقەوە لە بـاوەش بگرێت.

---

[١] ئەو مـرۆڤە نەمـرەی ناومـان كە گـۆرانی دەڵێـت و وا خەیـاڵ دەكـات كە هێشـتا كـاتی یەكەم تەقیـنەوەی گەورەی گەردون و بڵاوبـــوونەوەی ئەســـتێرەكانە، لای ئەو.. كـــات لە ســـاتی سفردایە و سەرەتای دروستبوونێتی، چونكە پێش (بیگ بـان – تەقیـنەوەی مەزن) هێشـتا كـات سـفر بـووە و كـاتی تەقیـنەوە و پرشـوبڵاوبوونەوەی ئەسـتێرەكان سـەرەتای كـات بـووە. كەواتە كاتێک مرۆڤ بەخۆشەویستیەوە دەژی و بیردەكاتەوە هەمیشـە لە یەكەم بـازنەی تەقیـنەوەی گەورە و جـوانی بڵاوبـوونەوەی ئەســتێرەكاندا دەژی و بەو شــێوەیە سەراســیمەی جوانیــان دەبێت و گۆرانی دەڵێ و لای ئەو ژیان كات دروستی ناكات.

## چاكە و خراپە

یەكێ لە بەتەمەنەكانی شار پرسی: باسی چاكە و خراپەمان بۆ بكە.
ئەویش گوتی:
من دەتوانم تەنیا لەبارەی چاكەكانتانەوە بدوێم نەك خراپە، چونكە خراپە تەنیا چاكەیە و بەدەست تینوێتی و برسێتی خۆیەوە دەناڵێت.
لەڕاستیدا كاتێ چاكە برسی دەبێت لەنێو ئەشكەوتە تاریكەكانیشدا بەشوێن خواردندا دەگەڕێ و كاتێكیش تینووی دەبێت لە ئاوی پیسیش دەخواتەوە.

کاتــێ لەگەڵ خــودی خۆتــان لەســەر فکــرێ یەکــڕابن هەمیشــە باشــن، خــۆ بە پێچەوانەشــەوە گەر فکرەکانتــان دابەش ببن خراپ نیە.

ماڵێک کە دابەش بێت بەسەر چەند ژورێکدا خۆ نابێتە جێگەی خۆحەشاردانی دز، ماڵێکی بەشکراو لە چەن ژورێ هەر ماڵە.

گەر کەشتیەک سوکانەکەی لەدەستدا و ئاراستەی لێ گۆڕا ئەوا بەسەرلێشێواوی بەنێو دەریاکەدا دەسوڕێتەوە، بەڵام مەرج نیە نوقمی دەریا بێ.

ئەو کاتەی لەخودی خۆتان دەبەخشن چاکەکارن، بەڵام گەر بۆ سودی خودی خۆشتان گەڕان خۆ خراپەکار نین. چونکە کاتێک کە بۆ سودی خۆیشتان دەگەڕێن، وەک ڕەگی ئەو دارە وان کە بە خاکدا ڕۆدەچێت و خۆراکی خۆی پەیدادەکات.

بێگومان بەری دارێک ناتوانێت بە ڕەگەکەی بڵێت: تۆش وەک من پێگەیشتوو بەتام و چێژبە و لە خۆت ببەخشە، چونکە بۆ بەری دارەکە بەخشین پێویستە هەر وەک چۆن بۆ ڕەگەکەش وەرگرتن پێویستە.

کاتێک قسەکانتان بە تەواوی و پڕ لەمانا دەردەبڕن، ئێوە چاکەکارن. خۆ ئەگەر بەدەم خەویشەوە وڕێنەتان کرد و قسەی تێکەڵ و پێکەڵ لەدەمتان هاتەدەر خراپەکار نین، چونکە دەشێ وڕێنە زمانێکی لاواز بەهێز بکات.

کـاتێ بـۆ خواسـتەکانتان بە هەنگـاوی پـتەوو ڕێـکەوە هەنگـاو دەنـێن ئێـوە چاکەکـارن، خـۆ ئـەگەر بەلاوزی و شەلەشەلیش بڕۆن خراپەکار نین، چونکە هەنگاوەکانی ئەو کەسەی کە دەشەلێ هەر بۆ پێشەوە دەینێ.

ئێـوەش ئەی بەهێزەکـان و ئەوانەی بەخێرایـی هەنگـاو دەنـێن هەرگیـز لەپـێش چـاوی شـەلەکان بە شەلەشـەل مەڕۆن، وابـزانن بەوە سـۆزی خۆتانیـان بـۆ دەردەخەن، چونکەچاکەکاری ئێوە لە زۆر کردەوەدا لە هەژماردن نـایەت خـۆ گەر وەهـاش نەبێـت خـراپ نـین و تەنهـا ئەوەیە بێحەوسـەڵانە و بێتاقەتـانە هەنگـاو دەنـێن. ئەوەش جـێگەی حەیـفە کە ئاسـک ناتوانێـت کیسـەڵ فێـری خێـرا ڕۆیشـتن بکات.

چـاکە ئەو خواسـتە بەشـەوقەیە کە بـۆ خـودی مەزنـی خۆتانتـان دەوێـت، ئەو ئـارەزووەش لە هەمـوو یەکێـک لە ئێوەدا هەیە.

لەهەندێکتانـدا وەک ڕوبـارێکی بەخـوڕ ڕووەو دەریـا دەڕوات و لەگەڵ خۆشـیدا نهێنـی گردەکـان و گـۆرانی دارستانەکانیش دەبات.

لەهەنـدێکی دیکەتانـدا وەک جـۆگەیەک بە هێواشـی دەڕوات و تـا دەگـاتە دەریـاکە ئـاوێکی زۆری لەبەر دەڕوا و درەنـگ دادێ. بەڵام لەو کـاتەدا ئەوانەی خواسـتیان زۆرە و

**خێـرا دەڕۆن بـا بەوانەی بـۆ خواسـتەکانیان هێـواش دەڕۆن نەڵـێن (بـۆ وا هێـواش ڕێ دەکەن؟)، چـونکە چاکەکـاری ڕاسـتەقینە هـیچ کـات بە ڕوتوڕەجاڵەکـان ناڵێـت: (کـوا بەرگەکانتان؟)**

**یان بەبێ ماڵەکان ناڵێت (کوا ماڵەکانتان؟)**

# نزا

یەکێک لە ژنانی ئاینی (راهیبە) گوتی: لەبارەی نزاوە بۆمان بدوێ.

ئەویش گوتی: ئێوە تەنیا لەکاتی پێویستی و تەنگانەدا نزا دەکەن، خۆزگە لەکاتی خۆشی و شادیشدا نزاتان دەکرد.

نزاکردن چیە! جگە لە کشانی ڕۆحتان بەرەو ئەسیر؟[1] گەرخۆشحاڵن بەوەی تاریکی دەرونتان بڕژێننە نێو گەردونەوە، ئەوا بەهەمان شێوە بە خۆشحاڵیەوە لە کاتی هەڵهاتنی سپێدەدا خۆشییەکانی دڵیشتان هەر لە گەردوون بڕوانن[2].

---

[1] لە پێشودا باسی ئەسیرمان کردووە.

[2] واتە کاتێک دڵتان تەنگە و وەک شەوی تاریک وایە و دەست بەنزاکردن دەکەن و ڕوو لە ئاسمان دەکن ئەوا بیرتان نەچیت کاتێک کە دڵخۆشن و دڵتان وەک ڕۆژی ڕوناک وایە لەو کاتەشدا بە هەمان شێوە سەیری ئاسمان بکەن و نزای سوپاس و شوکرانەی خۆتان بکەن.

کاتێک ڕۆحتان بۆ نزاکردن بانگتان دەکات، لێگەڕێن با فرمێسک لە چاوەکانتان بێت، چونکە ئێوە دەگرین و دەگرین تا لە کۆتایدا بەدەمی پڕ لە خەندەوە لە نزاکردن دێنەوە.

ئێوە لە نزاکردندا بەرز دەکرێنەوە بۆ ئاسمان و چاوتان بە هەموو ئەوانە دەکەوێت کە خەریکی نزاکردنن، چونکە تەنها لەکاتی نزاکردندا ئێوە دەتوانن ئەوان ببینن.

کەواتە با چونتان بۆ ئەم پەرستگا نادیارە، پڕ لە شیرینی و تەبایی بێت و تێکەڵبوون بێت، چونکە گەر بۆ هەر مەبەستێکی دیکە سەردانی ئەم پەرستگایە بکەن ئەوا هیچتان دەستناکەوێت.

گەر بۆ خۆنیشاندان و خۆدەرخستن بێت ئەوا نابینرێن، گەر بۆ داوای باشە بۆ کەسانی دیکەش بڕۆن گوێتان لێ ناگیرێت، باشترە ئێوە خۆتان بەتەنیایی و بەنەبینراوی سەردانی پەرستگاکە بکەن.

من نازانم و توانای ئەوەم نیە بە وشە فێری نزاکردنتان بکەم، چونکە خودا گوێ لە وشەکانتان ناگرێت تەنها ئەوانە نەبێت کە لە ڕێگەی لێوی ئێوەوە دەردەبڕدرێت(١).

---

(١) کاتی نزاکردن لە دونیای عیرفاندا مرۆڤ ئەوەندە لەگەڵ زاتی خوا تێکەڵ دەبێت کە لەنێو یەکدا ون دەبن و فەنای نێو یەکتری دەبن، بۆیە زمانی نزاکەری ڕاستەقینە وشەکانی خودای لێ دێتە دەرەوە، چونکە وەک خۆی لە دێڕەکانی دواتردا نووسەر باسی دەکات خودا زانایە بە پێداویسیەکانی ئێمە.

ناتوانم فێرتان بکەم وەک دەریاو دارستان و شاخەکان نزا بکەن، ئێوە ئەی ڕۆڵەی دەریاو دارستان و شاخەکان... خۆتان لە نێو دڵتاندا وشە بۆ نزاکانتان بدۆزنەوە، گەر لە بێدەنگی شەودا گوێقولاغ بن گوێتان لە دەریاو دارستان و شاخەکان دەبێت، کە لەبێدەنگیاندا بەم شێوەیە نزا دەکەن: ئەی خودا تۆ زات و باڵی ئێمەی، بە توانایی تۆ توانامان دەوێت و بە خواستی تۆ خواستمان دەبێت، توانای بێ سنوری تۆیە شەوانمان دەکاتە ڕۆژ، کە هەردوکیان موڵکی تۆن (شەویش و ڕۆژیش)

داوای هیچ ناکەین چونکە تۆ زانای بە پێویستیەکانمان پێش ئەوەی پێویستیەکمان تێدا دروست ببێت. تۆی پێداویستی ڕاستەقینەی ئێمە، تا زیاتر لە خۆت وەربگرین زیاترمان پێ بەخشراوە.

# چێژ

زاهیدێکی خەڵوەتنشین کە ساڵی جارێک دەهاتە نێو شار، هاتە پێشەوەو گوتی: دەربارەی چێژ چیت هەیە بیڵێی؟

ئەویش گوتی: جێژ گۆرانی ئازادییە، بەڵام ئازادی نیە.

خونچەی ئارەزوەکانتانە، بەڵام بەروبومی نیە. قوڵاییەکە لە بەرزی بانگت دەکات، بەڵام خۆی نە قوڵییە نە بەرزی. باڵی باڵندەیەکی نێو قەفەزە، بەڵام ئەو باڵە نیە کە لە ئاسمان شەقەی دێ... لە ڕستیدا چێژ گۆرانی ئازادییە، هیواخوازم کە ئێوە پڕ بەدڵ ئەو گۆرانیە بڵێن، بەڵام هیوا ناخوازم لەنێو گۆرانیەکەدا دڵتان ون ببێت.

هەندێک لە گەنجەکان وەها شوێن چێژ دەکەون هەر وەک بڵێی هەموو شتێکە بەوەش تاوانبارو سەرزەنشت دەکرێن. بەڵام من تاوانبارو سەرزەنشتیان ناکەم، بەڵکو لێیان دەگەڕێم غەرقی گەڕان بن، چونکە هەر چێژی خۆیان دەدۆزنەوە، بگرە بەتەنها چێژ نادۆزنەوە، چونکە چێژ خاوەنی حەوت خوشکە، کە بچوکترینیان لە چێژ جوانترە،

سەرگوزشتەی ئەو پیاوەتان نەبیستووە، کەخەریکی هەڵکەندنی زەوییەک بوو.. بۆ ڕەگی دارەکە دەگەڕا کەچی گەنجینەیەکی دۆزییەوە؟

هەندێک لە بەتەمەنەکان بە پەشیمانیەوە یادی چێژەکانی ڕابردویان دەگێڕنەوە وەک ئەوەی لە مەستیدا هەڵەیەکیان کردبێت. بەڵام پەشیمانی عەقڵ دادەپۆشێ و تاریکی دەکات نەک سزای بدات.

ئەوان دەبێت بە سوپاسەوە چێژەکانیان یاد بکەنەوە هەروەک چۆن لە وەرزی بەروبوم چنینەوە سوپاس و شوکرانە دەکەن. بەڵام گەر بینیتان ئەوان هەر لە پەشیمانی چێژ وەردەگرن لێگەڕێن با چێژی خۆیان ببینن.

لە نێوتاندا هەندێک هەن نە گەنجن بەدوای چێژدا بگەڕێن و نە پیریشن لە چێژ پەشیمان بن.. ئەو کەسانە لە ترسی گەڕان و پەشیمانی لەچێژ هەڵدێن نەوەک ڕۆحیان بریندار بکات و فەرامۆش بێت، ئەوان چێژ لەو هەڵهاتنە دەبینن.

ئەوانـــیش گەنجینـــەی خۆیـــان دەدۆزنەوە ئەگەرچی بەدەستی لەرزۆکیشەوە بۆ ڕەگ بگەڕێن.

پێم بڵێن کێ دەتونێت خراپە بەرامبەر ڕۆح بکات؟

ئایا بولبول دەتوانێت خامۆشیی شەو بشێوێنیت؟ یان گوڵ ئەستێرە[١] دەتوانێت ئەستێرەکان بێزار بکات؟

دووکەڵـی بڵێسـەی ئاگرەکەتـان دەتوانێـت قورسـایی بخاتە سەر با؟

ئێـوە وادەزانـن ڕۆح ئـاوێکی مەنـگەو دەتـوانن بە قامیشێک بیشڵەقێنن؟

زۆر جار ڕێگریتان لە چێژبینین دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی ئـارەزویەکی زۆر بـۆچێژ، کـێ نـاڵێ ئەوەی ئەمـرۆ ڕەتـی دەکەنەوە لە داهاتودا چێژێک نابێت بۆتان؟

جەسـتەتان خـۆی دەزانێـت کە چی پێویسـتەو چی داوادەکات و ڕێگە نادات چەواشە بکرێت، چونکە لەش وەک چەنگی (ئامێری قیثارە) ڕۆحتانە ئێوە دەتوان ئاوازی خۆش یان ناخۆشی پێ بژەنن.

ئێستا لە بیری خۆتاندا دەپرسن: چۆن لە چێژدا چاکەو خراپە جیا بکەینەوە؟

بـۆ ئەوە بچـنە بـاخچەو کێڵگەکـان تـا فێـربن، تەماشـای

---

[١] گوڵ ئەستێرە. بەو مێشولەیە دەڵێن کە کلکی وەک گڵۆپ لە تاریکیدا دادەگیرسێت.

هەنگ بکەن چێژ لە مژینی شیلەی گوڵ وەردەگرێت و گوڵیش چێژ لە دانی شیلەی خۆی بە هەنگ، لە چاوی هەنگدا گوڵ کانیی ژیانە و لە چاوی گوڵیشدا هەنگ پەیامبەری خۆشەویستییە. بەلای هەنگ و گوڵیشەوە پێدان و وەرگرتن پێویستی خۆشحاڵی و چێژ وەرگرتنە.

کەواتە ئەی خەڵکی ئورفالیس لە چێژ وەرگرتندا وەک هەنگ و گوڵ بن.

# جوانی

شاعیرێک گوتی: لەسەر جوانی بدوێ.

ئەویش گوتی: چۆن هەوڵ بۆ جوانی دەدەن و دەیدۆزنەوە، ئەگەر ئەو خۆی ڕێگەو ڕێنیشاندەر نەبێ بۆتان؟

چۆن دەتوانن لەسەر جوانی قسە بکەن، ئەگەر ئەو خۆی دەستپێکەری لێکچنینی قسەکانتان نەبێ؟

ئەوانەی ئازارچەشتە و زیانلێکەوتەن.. دەڵێن: جوانیی شیرین و نەرمونیانە.. لە دایکێک دەچێت کە بە هێمنی و شەرمی پایەبەرزی خۆی بەنێوماندا هەنگاو دەنێت.

عاشقەکانیش ئەڵێن: نا... جوانی هێزێکی تۆقێنەرە وەک زریان وایە زەوی لەژێرمان و ئاسمان لەسەرمانەوە دەلەرزێنی.

ئەوانەشی کە توشی هەلاکەت وبێزاری بوون دەڵێن: جوانی چرپەیەکی ناسکە و لەنێو ڕۆحماندا دەچرپێنێت و ڕوناکیەکە لەترسی تاریکی بێدەنگیمان بە لەرزەوە دەسوتێت.

بێ ئۆقرە و ڕاڕاکان ئەڵێن: گوێمان لە هاواری جوانی بوو لەگەڵ هاوارەکەی تەقەی ناڵ و شەقەی باڵ و نەڕەی شێر ئەبیسترا.

پاسەوانانی شەوی شاریش ئەڵێن: جوانی لەگەڵ تیشکی بەیاندا لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت.

لەپاش نیوەڕۆدا کرێکار و ڕێبوارەکان ئەڵێن: جوانیمان بینی لە پەنجەرەی خۆرئاوابونەوە بۆ زەوی دەیڕوانی.

ئەوانەی لە نێو بەفری زستانیشدا ڕێگەیان لێگیراوە دەڵێن: جوانی لەگەڵ بەهارا دێت و لەم گرد بۆ ئەو گرد باز دەدات.

لە گەرمەی هاوینیشدا بەرهەمچنەکان دەڵێن: جوانیمان بینی لەگەڵ گەڵای پایز سەمای دەکرد و کلوی بەفر بە قژیەوە بوو.

هەموو ئەمانەتان لەسەر جوانی گوت، بەڵام لەڕاستیدا هیچ باسی جوانیتان نەکردووە، بەڵکو لەسەر پێداویستیە بەدینەهاتوەکانتان قسەتان کردووە، جوانی پێداویستی نیە بەڵکو شادی و خۆشحاڵییە،

دەمێکی تینوو دەستێکی درێژکراو نیە، بەڵکو دڵێکی هەڵگیرساوو ڕۆحێکی ساحیرە، جوانی وێنەیەک نیە سەیری بکەن و گۆرانیەک نیە گوێی لێبگرن، بەڵکو وێنەیەکە کە چاوتان داخەن دەیبینن و گۆرانیەکە کە گوێتان بگرن دەیبیستن.

جوانی شیلە نیە لە قلێشی دار بێتە دەرێ و پەلێکیش نیە چنگی لێ ڕوابێت، بەڵکو باخێکی هەمیشە پڕ لە گوڵەو پۆلێ فریشتە هەمیشە بەسەریدا دەفڕێ.

ئەی خەڵکی ئۆرفالیس: جوانی ژیانە.. کاتێک ڕوپۆشەکەی لەسەر ڕوی پیرۆزی لادەدات، ئێوە هەم ژیان و هەم ڕوپۆشن.

جوانی نەمرییە و لە ئاوێنەدا خۆی دەردەخات، ئێوە هەم نەمرین و هەم جوانی.

## ئاین

قەشەیەکی پیر گوتی: لەسەر ئاین بدوێ.

ئەویش گوتی:

بۆ؟ دیارە ئەمرۆ لەبارەی شتێکی ترەوە قسەم کردووە، جگە لەوە؟ ئایا هەموو کردەوە و بیرێک ئاین نیە؟ هەرچیەکیش کردەوە و بیر نەبێت جێگەی سەرسوڕمانە!! چونکە کردەوە و بیرمان لە ڕۆحمان دێتە دەرێ، تەنانەت کاتێک خەریکی چنین یان تاشینی بەردیش بین.

کێ ئەتوانێ کردەوەی لە ئاین جودا بکاتەوە؟ یان بڕوا لە بیری؟

کێ ئەتوانێ کاتەکانی ژیانی بەش بکات و جیای بکاتەوە و بڵێ:

(ئەمە بۆ خوایە و ئەمەش بۆ خۆم، ئەمە بۆ ڕۆحمە و ئەمەش بۆ جەستەم) هەموو کاتەکانتان باڵێکن لە ئاسماندا لە گیانێکەوە بۆ گیانێکی دیکە لێک دەدەن و دەفڕن.

ئەو کەسەی ڕەوشتەکانی وەک باشترین بەرگی خۆی لەبەر دەکات باشترە بێ بەرگ بێت، چونکە با و خۆر ئازاری پێستی نادەن.

ئەو کەسەشی هەڵسوکەوتی بەپێی یاسای ڕەوشت سنوربەند دەکات ئەوا وەک ئەوەیە بولبولی خۆش دەنگی خۆی لە قەفەزدا بەند بکات، چونکە گۆرانی ئازادی ناتوانێ لەپشتی شیشی قەفەزو تەلبەندەکانەوە دەرچێت.

ئەو کەسەشی خوداپەرستی وەک پەنجەرەیەک بەکاربهێنێت و لەکاتی پێداویستی و داواکردندا بیکاتەوە و دوایی دایبخات، ئەوا هێشتا ماڵی ڕۆحی خۆی نازانێت و نازانێ کە پەنجەرەکانی لەبەری بەیان بۆ بەری بەیان کراوەو لەسەر پشتن.

ژیانی ڕۆژانەتان هەم پەرستگاو هەم ئاینە، هەر کات بۆ ئەو پەرستگایە چون چیتان هەیە لەگەڵ خۆتان بیبەن، هەر لە گاسن و ئاگردان و چەکوش و چەنگەکانتان و هەموو ئەوەی پێویستان پێی دەبێت.

کاتێک لەنێو خەونەکانتان لە ئاسماندا دەفڕن ناتوانن لەوە بەرزترین کە هێناوتانەتە دی و لەوە نزمتر کە شکستان تێدا خواردووە.

کاتێ دەچنە پەرستگا هەموو ئە کەسانەی لەدەورتن لەگەڵ خۆتدا بیانبە، دەبینی هەرگیز ناتوانی لە خواستەکانی ئەوان بەرزترو لە ئاستی بێ ئومێدییەکانی ئەوان نزمتر بیت[١].

ئەگەر دەتانەوێ خودا بناسن هەوڵی زانینی نهێنیەکانی مەدەن، بەڵکو سەرنج لەدەوروبەری خۆتان بدەن دەبینن لەگەڵ منداڵەکانتاندا یاری دەکات. سەرنج لە ئاسمان بدەن، دەبینن خودا بەسەر هەورەکاندا هەنگاو دەنێ و

[١] جیانەکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە لە ئاین و پەرستگا مەبەستی سەرەکییە، چونکە کاتێک ژیانی ڕۆژانە دەبێتە ئاین و پەرستگا بۆت، کەواتە ناتوانی گاسن و ئاگردان و ڕەزو هەڵسوکەوت و بیرو باشیەکانی، کە پێی گەیشتویت و خراپیەکانی کە تێیکەوتویت، جیا بکەیتەوە، هەرگیز ڕوکەشی ئاکارو کردەوە و کارەکانمان ناتوانن بە تەنها لەسەر زەوی جێبهێڵین و بەرەو ئاسمان بفڕین، هەرگیز ناتوانین لەئاین و پەرستگادا جیاوازی لە باشی و خراپیمان لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا کە لە پەرستگان هەبێت.
کەواتە ئاین کردەوە و بیرو چۆنیەتی بەکارهێنانی پێداویستی و هۆکارەکانی کارکردنمانە، بۆیە کاتێک بەرەو ئاسمان دەڕۆین هەمووی لەگەڵمانە و هەرگیز ناتوانین زیاتر یان کەمتر... نزمتر یان بەرزتر لە خودی ڕاستەقینەی خۆمان بەرین.

لەگەڵ تیشکی هەورە بروسکە باڵەکانی دەکاتەوە و لەگەڵ بارانداا دەبارێت.

سەرنج لە زەوی بدەن لەنێو گوڵەکاندا دەیبینن پێدەکەنێت و پەنجەکانی لەسەر ترۆپکی سەوزی دارەکان دەجوڵێت.

# مردن

پاشـان مەتـرا گـوتی: ئێسـتا لەبـارەی مـردنەوە بۆمـان بدوێ.

مستەفاش گوتی:

ئەتانەوێـت نهێنـی مـردن بـدۆزنەوە؟چۆن دەتـوانن بیدۆزنەوە گەر لە تاریکیەکانی دڵی ژیاندا بۆی نەگەڕێن؟

ئەو کوندەبەپەپوەی بەشەو زەقەی چاوی دێت و بە ڕۆژ چـاو دادەخـات، هەرگیـز لە نهێنـی ڕونـاکی ناگـات. گەر بەڕاستی دەتانەوێت بە نهێنی مەرگ ئاشنابن، ئەوا دڵتـان بـۆ جەسـتەی ژیـان بـکەنەوە، چـونکە ژیـان و مەرگ وەک ڕوبارو دەریا یەک شتن.

ژیان لەنێو قوڵایی خواستەکان و هیواکانتان نهێنیەکانی خـۆی حەشـارداوە، هەروەک چـۆن تۆوێـک لەژێـر بەفـردا خەون بە بەهـارەوە دەبینێت، بـا دڵیشـتان بە هەمـان شـێوە خەون بە بەهارەوە بینێت .

باوەڕتان بە خەونەکانتـان هەبێت، چونکە دەروازەکـانی ئەبەدیەت لە خەونەکانتاندا خۆیان حەشارداوە.

ترسی ئێوە لە مردن لەو هەڵلەرزینەی شوانێک دەچێت لەبەردەم پاشاکەیدا وەستاوە و دەیەوێت پاداشتی بکات، شوانەکە خۆشحاڵە بەوەی پاداشت دەکرێت، بەڵام ئایا لەهەمان کاتدا خەیاڵی لەسەر لەرزینەکەی نیە؟

کەواتە مردن چیە؟ جگە لە وەستان بەڕووتی لەپێش بادا و تواندنەوە لەبەر خۆردا؟

لە هەناسەکەوتن چیە؟ جگە لەئازادکردنی هەناسە لە هەڵکشان و داکشانی بێوچانی دنیاو بەرزبوونەوەو کشان بەرەو دنیای فانیی خودا بەبێ بەربەست؟ ئەوە بزانن کاتێک ئاوی دەریای بێدەنگی دەخۆنەوە، ئەو کاتە دەتوانن بەڕاستی گۆرانی بڵێن.

کاتێک دەگەنە لووتکەی چیای پیرۆز، ئەو کاتە هەست دەکەن کە سەرکەوتوون.

کاتێک زەوی جەستەتان لە باوەش دەگرێت، ئەو کاتە بە ڕاستی سەمادەکەن[١].

---

[١] مردن ئەو دەروازەیەیە کە بۆ دنیای ئەبەد و خودایمان دەکرێتەوە. ،، کاتێک دەکەوینە دنیای بێدەنگی مردنەوە و لەو دەریا بێدەنگە ئاودەخۆینەوە و ڕووە لوتکەی ئاسمان هەڵدەگەڕێین و جەستەمان ئەچێتە ژێر خاک و خاك باوەش بە جەستەمان دەکات ئەو کاتە هەست بە دیووی ڕاستیەکان ئەکەن و مردن خەڵات و باداشتیکە بۆ وەرگرتنی مدالیای ئەبەدیەت و ترسمان لەو پاداشە هەمان ترسی شوانەکەیە و ئەگار نا ژیان ومردن وەک دەریاو ڕوبار لەیەکن و (مرۆڤە مەزنەکەی ناومان ) ئەبەدیە.

# ماڵئاوایی

ئێوارە داهات. مەترا گوتی:
(پیرۆزکرا ئەم ڕۆژە و ئەم شوێنە و ئەو ڕۆحەی بۆمان دوا)
مستەفاش گوتی: ئایا من بووم بۆ ئێوە دوام؟ مەگەر خۆشم گوێگر نەبووم؟
ئەم قسانەی کرد و بە پلیکانەی پەرستگاکەدا هاتە خوارەوە، خەڵکەکە شوێنی کەوتن، گەشتە کەنارەکە و سواری کەشتیەکە بوو ئەوجا لەسەر کەشتیەکەوە گوتی:
ئەی خەڵکی ئۆرفالیس (با) کە داوام لێدەکات جێتان بهێلم، هەرچەندە من هێندەی (با)یەکە بەپەلە نیم، بەڵام تازە ڕۆشتنم لەسەر نوسراوە، ئێمەی گەڕیدە هەمیشە بێوچان وێڵی گەڕانین بەشوێن ڕێگا چۆڵ و ئاستەمەکاندا هەرگیز ڕۆژمان لەو شوێنە دەستپێناکات کە دوێنێ لێی

بـووین، خـۆری بەیانمـان لە شـوێنێ هەڵنـایە کە تیایـدا ئـاوا بوو‌بێت، چونکە کاتێ زەویش خەوتوە ئێمە لەسەر گەڕانمان بەردەوامین.

ئـێمە تـۆوی ڕوەکێکـی سـەختین هەتـا پێـنەگەین و نێـو هەناومان پڕ تام نەبێت، با هەڵماننناوەرێنی و نامانبەخشی.

ڕۆژەکـــانم لە نێوانتانـــدا کەم بـــوو لەوەش کەمتـــر قسەکانم بوو بۆتان. هەرکاتێ هەستان بەوەکرد دەنگـی مـن لە گوێتـان و خۆشەویسـتیم لە دڵتـان نەمـا، ئەوا دیسـان دەگەڕێـمەوە بۆلاتـان، بەدڵێکـی دەوڵەمەنـدتر و زمـانێکی هەستیارتر لە ڕۆحەوە قسـەتان بـۆ دەکەم، لەگەڵ هەڵـبەزو دابەزی شـەپۆلەکان دێـمەوە، هەرچەنـدە ڕەنـگە مەرگ ونـم بکـات و لە بێـدەنگیەکی مەزنەوە بمئـاڵێنێ، بەڵام مـن هەر هەوڵ دەدەم لە دەرگـــای تێگەشـــتنتان بـــدەم و دڵنیاشـــم هەوڵەکەم بێسود نابێت.

گەر ئەوەی ئەمـڕۆ باسـم کـرد ڕاسـت و دروسـت بێـت بۆتان، ئەوا هەموو کات خۆیتان بـۆ دەردەخـات و بەدەنگێکـی ڕونتر و وشەی نزیکتر لە بیرتان دەدوێت.

ئەی خەڵکی ئۆرفالیس:

مـــن لەگەڵ (بـــا)دا دەڕۆم، بەڵام خـــۆم فـــڕێ نـــادەمە بۆشـــایی عەدەمەوە، گەر ئەمـــڕۆ پێداویســـتیەکانتان و خۆشەویسـتی مـن بۆتـان نەهـاتوۆتە دی، ئەوا پەیمـان بێـت ڕۆژێکی دیکە دێنە دی، پێداویستیەکان نامێنن و دەگۆڕدرێن

بەڵام خۆشەویستی ناگۆڕدرێت و دەمێنێ، چونکە هەر خۆشەویستییە پێداویستیەکان مەیسەر دەکات.

ئەوە بزانن من لەو بێدەنگیە مەزنە دەگەڕێمەوە هەروەک چۆن تەمی بەرەبەیان کاتێ نامێنێ و چەند دەنکە شەونمێ جێدەهێڵێت و لە کێڵگەکان بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هەورو دواتر دەبێتە باران و بە سەرماندا دەبارێت، منیش وەک ئەو تەمە وام، لەخامۆشی شەودا بەنێو شەقامەکاندا گەڕاوم و ڕۆحم تێکەڵی ماڵەکانتان کردووە.

لێدانی دڵتان لەگەڵ لێدانی ترپەی دڵم بووە و هەناسەتان بەر ڕوخسارم کەوتووە، هەمووتانم یەک بە یەک ناسیوە. بەڵێ هەروەها خۆشی و ناخۆشیتانم زانیوە و لە خەویشدا خەونەکانم خەونی ئێوە بووە.

زۆربەی جار وەک دەریاچەیەکی نێوان کۆمەڵە چیایەک وابووم لە نێوانتان و وەک ئاوێنەیەک لەسەر ڕووم وێنەی بەرزی و نزمی و نشێویتان و تەنانەت بیرو خواستەکانتانم داوەتەوە.

پێکەنینی منداڵەکانتان وەک جۆگەیەک و خواستی گەنجەکانتان، وەک ڕوبار دەڕژانە نێو بێدنگیمەوە و گۆرانیان دەچڕی. بەڵام لای من لەپێکەنین شیرینترو لە خواستەکانتان مەزنتر هەیە، ئەویش ئەو مرۆڤە ئەبەدی و بێکۆتایەی نێوتانە کە ئێوە جگە لەخانە و دەمار لەودا هیچی تر نین و گۆرانیەکانتان لە ئاست ئەودا جگە لە ترپەیەکی نەبیستراو هیچی تر نیە.

مەزنی ئێوە بونی ئەو مرۆڤە مەزنەی نێوتانە و بەوەوە بەندە، لەنێو ئەودا ئێوەم بینی و خۆشم ویستن... کام ئارەزو، کام هیوا، کام خواست هەیە کە خۆشەویستی پێی نەگات؟ چونکە خۆشەویستی دەگاتە ئاستی لوتکەی هەموو هیواو ئارەزو خواستەکان.

ئەو مرۆڤە مەزنەی نێوتان وەک داربەڕویەکی گەورە وایە کە بەگوڵی سێو داپۆشرابێت هێزەکەی بەزەویدا دەتانچەسپێنێت و بۆن و بەرامەیشی بەرەو ئاسمانتان دەبات و دواتریش لەم نێوانەدا هەتاهەتایتان دەکات.

پێتان گوتراوە: ئێوە وەک زنجیرێکی لاواز وان و ناختان لاوازترین ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە، بەڵام ئەوە نیوەی ڕاستیەکەیە، چونکە ئێوە لەهەمان کاتدا وەک بەهێزترین ئەڵقەی زنجیرەکەش بەهێزن، پێوانەکردنی ئێوە بە بچوکترین کردارتان لە پێوانەکردنی دەریا دەچێت، بە بچوکترین و لاوازترین بڵقی کەفی دەریاکە، هەڵسەنگاندن و دادوەریکردنی ئێوە بەکردەوە گۆڕاوەکانتان وەک گلەیی کردنە لە ئاڵوگۆڕی وەرزەکان.

بەڵێ ئێوە وەک ئۆقیانوس وان هەرچەندە کەشتی قورس و گەورە لە کەنارەکانتان وەستابن و چاوەڕوانی شەپۆلی ئێوەبن بۆ ئەوەی دەست بە جوڵە بکەن ، ئێوە هەر بەشێوەی ئۆقیانوسەکە پەلە ناکەن لە هەڵچون و داچونی خۆتان تا شەپۆل بدەن.

هەروەهــا وەک وەرزەکــانیش وەهــان، هەرچەنــدە لە زستاندا و لەسەرمادا دڵگرانانە و بەگلەییەوە باسی بەهار دەکەن، بەڵام بەهــار بە شــەوقەوە و بەچــاوی خەواڵــوی چاوەڕوانیەوە.. چاوەڕوانی پێگەشتنەوەتانە و لێتان ناڕەنجێ.

وامەزانــن ئەم قســانە بــۆیە دەڵــێم تــا لەنێــو خۆتانــدا بەیەک بڵێن: (ئەو تەنها باشیەکانمان دەبینێ و ستایشتمان دەکات). نەخێر من لەگەڵتان ئەدوێم بەو وشانەی کە ئێوە بەبیرتــان لێــی تێدەگەن، لێدوانی مــن بەو وشــانە هــیچ نــیە جگە لەوەی ئێوە خۆتــان بە بیــر دەتــانزانی، چــونکە زانــین بە گوتن هیچ نیە جگە لە سێبەری زانیین بێ گوتن.

بیــری ئێــوەو گوتەکــانی مــن شــەپۆلێکن لەنێو فــایلێکی سەرمۆرکراو کە یادگاری دوێنێمانی تێدایەو ئەو ڕۆژانەی کە زەوی ئێمەی نەدەناسی و تەنانەت خۆشی نەدەناسی، لەنێو جەنجاڵی دروســت بونیدا بــوو[1]. حەکیمی زۆر هــاتون تــا لە حیکمەتــی خۆیــان بە ئێــوە بــدەن. بەڵام مــن هــاتوم لە ئێــوە

---

[1] زانین و گوتنی زانیارییەکان لەنێو مێشکی مرۆڤدا پێش هاتنە بــوونی و پــێش دروســتبوونی ژیــان لەســەر زەوی هەمــووی تۆمارکراوە، بۆیە چۆنیەتی بیر و گەشتن بە زانیاری بە بڕوای نووسەر هیچ نیە جگە لە شەپۆلێک کە لەو سجلە مۆرکراوەی لای خوداوە دەگاتەوە بیری ئێمە و لە ڕێگەی گوتنەوە دەبێتە درکمان بە زانیاری و چۆنیەتی دەربڕینیان.

وەربگرم، ئەوەی من لە ئێوەدا دۆزیمەوە زۆر زیاترو مەزنترە لە حیکمەت، ئەویش ئەو ڕۆحەیە وەک گرێک لەنێوتاندایە و هەمیشە لە خۆی زیادەکات و لە خۆیشی پەرە دەسێنێت، بەڵام ئێوە بێ ئاگا لەو زیادبوون و پەرەسەندنە دانیشتون و گلەیی لە ڕۆژگارەکانی ژیانتان دەکەن نازانن کە ژیان بەشوێن ژیاندا دەگەڕێت لەنێو ئەو کەسانەی لەترسی مەرگ ژیان بۆتە گۆڕ بۆیان. بەڵام لێرە گۆڕ نییە، ئەم شاخ و دەشتانە جگە لە ڕایەخ و پلیکانەیەک هیچی تر نیە.

لەڕاستیدا کاتێک بەو دەشتانەدا دەڕۆن کە باوو باپیرانتانی تێدا نێژراوە، بەوردی لە هەموو لایەکەوە لێی بڕوانن و بیر بکەنەوە...، دەبینن خۆتان و منداڵەکانتان دەست لەنێو دەست سەما دەکەن[1]. لە ڕاستیدا باشتر وایە بڵێم: ئێوە زۆر جار خۆشی دەگێڕن، بەڵام بێ ئاگان لەو خۆشی گێڕانە.

---

[1] مەبەست ئەوەیە دەشتەکە تەنیا وەک ڕایەخێک وایە جەستەمانی تیا ڕاکشاوە و کێل و بەردی گۆڕەکەش وەک پلیکانەیەکە بۆ ئاسمان بەسەریدا سەردەکەوین ئەگەر نا هیچی ترنیە، بۆیە گەر بەقوڵی و وردی بیر بکەنەوە ئەوا کاتێک دەمرن و منداڵەکانتان دێن بۆلاتان، ئەوا ڕۆحتان لەگەڵیان سەما دەکات و ئێستاش کە ئەم بیرە دەکەنەوە ڕۆحی باوو باپیرانتان لەگەڵتان سەما دەکات، بەڵام ئێوە لەو ئاهەنگ و سەماکردنە بێ ئاگان.

کەسانی تریش هاتوون و بەڵێنی گەورە و زێڕینیان پێداون بۆ بەهێزکردنی بیرو باوەڕتان ئێوەش سەروەت و هێزو سەرکەوتنتان داونەتێ. بەڵام من هیچ بەڵێنێکی گەورەم بە ئێوە نەدا کەچی ئێوە زیاتر لەگەڵم بەخشندە بوون و تینویەتی منتان بۆ ژیان زیاکرد، بێگومان هیچ دیارییەک لەمە گەورەتر نیە بۆ مرۆڤ، کە هەموو هیوا و ئارەزوەکانی بکاتە دوو لێوی وشکی تینو و ژیانیش بکاتە کانییەک بۆی، کە هەرگیز وشک نەکات، ئەوەش جێگەی شانازی و خۆشحاڵیمە.

هەندێک جار بۆ ئاوخواردنەوە دێمە سەر ئەم کانییە دەبینم کانییەکە خۆی تینووە و کاتێک من لەو دەخۆمەوە ئەویش لە من دەخواتەوە.

هەندێک لە ئێوە وادەزانێ خۆم بەگران دەگرم و دیاری قبوڵ ناکەم، لە ڕستیدا خۆ بەگرانگرتنم بۆ کرێیە (وەرگرتنی هەقی ئیش) نەک بۆ دیاری.

کاتێ لە توی ئەم گردۆڵکانەم دەخوارد ئێوە حەزتان دەکرد لەسەر مێزی خوانتان بم و ئەو کاتەی لە سێبەری پایەکانی پەرستگاکە دەخەوتم ئێوە لە ناخی دڵتانەوە حەزتان دەکرد بۆ ماڵەکانتان بێم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆشەویستی و میهرەی ئێوە، کە دەتاندایە شەو و ڕۆژەکانم وای دەکرد پاروی دەمم بەتام بێت و خەونەکانم پڕ لە بینین بێت.

بـۆ هەمـوو ئەمـانە پیرۆزتـان دەکەم (پیـرۆز بـوونی خـودایی)، چـونکە ئێـوە زۆر دەبەخشـن و هـیچ ئاگاشـتان لەو بەخشـینە زۆرەی خۆتـان نییە. گەر لە ئاسـت ئێـوەدا میهـر و نیـانی لە ئـاوێنەدا سـەیری خـۆی بکـات دەبێـتە بەرد..، ئەو چاکەیەی بە شانازیەوە باسی خۆی دەکات لە ئاست ئێوەدا دەبێتە کاری نەفرەتلێکراو. هەندێک لە ئێوە بە گۆشـەگیر و تەنهـا نـاوم دەبەن و دەڵـێن: لەگەڵ دارەکـانی دارسـتان دەدوێت نەک لەگەڵ خەڵـک، بەتەنیا لەسـەر گردۆڵکەکـان دادەنیشێت و لە بەرزیەوە سەیری شار دەکات.

ڕاسـتە بەسـەر گردەکانـدا سـەرکەوتوم و هەنگـاوم بـۆ دوری نـاوە، بەڵام چـۆن دەمتـوانی بتـانبینم گەر لە بەرزاییەکـی مەزنەوە نەبێـت؟ یـان لە دورییەکـی زۆرەوە نەبیـت؟ بە ڕاسـتی چـۆن دەتـوانی هەسـت بە نزیکـی بـکەی ئەگەر دور نەکەویتەوە؟

هەنـدێکی دیکـەتان بـێ دەربـڕین بەم شـێوەیە هاوارتـان لـێ دەکـردم: غەریـب... عاشـقی بەرزایـیە دەسـت پێنەگەشتووەکان... بـۆچی لەنێو لوتکەکـان دەمێنیـتەوە؟ کە جـێگەی هێلانەکردنـی هەڵۆکـانە؟ بـۆچی بەدوای ئەوانەدا دەگەڕێیت کە دەست نایانگاتێ و مرۆڤ پێیان ناگات؟بەدیار کـام بـاو بـۆرانەوە وەسـتاوی، تـا بە تـۆڕەکەت ڕاو بـکەی؟ بەتەمای کام باڵندەی ئەفسوناوی نێو تەم و مژی ئاسـمانی تا ڕاوی بکەی؟

وەرە ببە بە یەکێک لە ئێمە... دابەزەو برسێتی خۆت لە نانی ئێمە تێرکە... تینوێتیت لە شەرابی ئێمە بشکێنە.

بەڵێ هەموو ئەم قسانەیان لە تەنیای دەکرد، بەڵام گەر قوڵتر لە تەنیایی خۆیانیان بڕوانیایە ئەوا دەیانزانی من جگە لە گەڕانم بەدوای نهێنی خۆشیەکانتان و نەهامەتیەکانتان بەدوای هیچی تردا نەگەڕاوم. جگە لە خودی گەورەی ئێوە کە لە ئاسماندا دەفڕی ڕاوی هیچی ترم نەکردوە، ئەوەش بزانن کە هەندێ جار ڕاوکەر خۆشی کەوتۆتە داوی ڕاوەوە و زۆرێک لە تیرەکانم تەنها سنگی خۆمیان کردۆتە نیشان. ئەوەی لە ئاسمان لە شەقەی باڵ دەدات هەر ئەوەیە لە زەوی دەخشێت، چونکە کاتێ لە خۆردا باڵم لێک دەدا سێبەرەکەم لەسەر زەوی دەبووە کیسەڵ. زۆر جار پەنجەم لە برینی خۆم ناوە تا بڕوام پێتان زیاتر بێت و زیاتر بتانناسم، هەر لە ڕێگەی ئەو بڕواو ناسینەوە بە ئێوە دەڵێم:

ئێوە نەدیلی نێو جەستەی خۆتانن نە لەماڵ و کێڵگەکانتان دەستبەسەرن، (خود)ی ئێوە لەسەر چیاکان دەگیرسێتەوە و لەگەڵ با دا ڕێ دەکات، بەدوای گەرمیدا بۆ نێو خۆر مەکشێن و بۆ سەلامەتیتان بەنێو تاریکی زەویدا تونێل لێ مەدەن، چونکە ئێوە ڕۆحێکی ئازادن و تەنها بەرەو ئەسیر دەفڕن.

ئەگەر ئەم قسانەم بۆتان تەم و مژاوی بوو هەوڵ مەدەن ڕونی بکەنەوە، چونکە هەموو سەرەتایەک تەم و

مـژاوییە نەک کۆتـایی، بـۆیە هیـوام ئەوەیە لە یـادی ئێـوەدا سەرەتا بم، ژیان و هەموو ئەوانەی دەژین لە نێو تەم و مژدا لەدایک دەبن نەک لە کریستاڵدا، مەگەر کریستاڵ خۆی لە شەونمی ئەو تەم و مژە دروست نابێت؟[١]

کاتێک هاتمە بیرتان ئەم قسانەی منتان بیر بێت، ئەوەی لەنێوتاندا وەها دەردەکەوێت کە لاوازترینتانە لەڕاستیدا بەهێزترین و بەخۆترینە. ئایا هەر هەناسەتان نیە توندو تۆڵ ڕاگیری کردون و لەشتانی ڕاگیر کردوە؟

هەر ئەو خەونە نیە کە کەستان لە یادتان نەماوە و تیایدا شارەکەتان و هەموو ئەوەی تێیدایە هێناویەتە بوون؟

گەر بتوانن تەماشای هەڵکێشانی هەناسەتان ببینن جگە لەوە تەماشای هیچی تر ناکەن.

گەر بتوانن گوێ لە چرپەی ئەو خەوە بگرن گوی لە هیچی تر ناگرن، بەڵام ئێوە نەدەبینن نە دەبیستن ئەوەش باشە بۆتان، چونکە ئەو پەردەیەی لەسەر چاوتانە هەر دەبێت ئەو دەستە لای ببات، کە بۆتانی چنیوە و ئەو قوڕەی

---

(١) مەبەست لەوەی هاتنەژیان لەنێو تەم و مژدایە نەک لەنێو کریستاڵی بەستووی بلووری کە وەک شوشە ڕونە و دەتوانین ناوی ببینین، بۆیە هەمیشە ڕاستیەکان و بوونیش لەسەرەتادا لە نێو تەم و مژدان، تەنانەت کریستاڵیش خۆی بەهۆی نزم بونەوەی پلەی گەرمی لە شەونمی ئەو تەم و مژە دروستدەبێت.

لە گوێتـــان نـــراوە هەر دەبـــێ ئەو دەســـتە لایبەرێـــت، کە شێلاوێتی... ئەو کاتە دەبینن... ئەو کاتە دەبیستن.

ئێســـتا دڵگـــران مەبـــن بەوەی کە نـــابینن و خەمبـــاری ئەوەش مەبـن کە نابیسـتن، چـونکە کـاتێ نهێنیەکـانی پشـت ئەمەتان بۆ ئاشـکرا دەبێـت، ئەو کـاتە تـاریکیش لاتـان پیـرۆز دەبێت هەروەک چۆن ڕوناکی لاتان پیرۆزە[١].

لەپاش ئەم قسانە تەماشایەکی دەوری خۆی کرد، بینـی سـەرۆکی کەشـتیەوانەکان لەپشـت سـوکانی کەشـتیەکەوە

---

[١] مەبەســتی ئەم چەنــد دێــڕە ئەوەیە.. ڕاگیرکردنــی جەســتەی مرۆڤ لە ڕێگەی هەناسەی پیرۆزی ڕۆحەوەیە کە دەچێتە بەری جەســتە؛ واتە هەناســە کەچەنــد ســادە و لاواز دەردەکەوێــت، بەڵام هۆکاری ڕاگرتنی لەشـێکی بەهێـزە و کاتێـک هەناسـەمان لێدەبڕێت جەسـتە خـۆی پـێ ڕاناگیرێـت، دروسـتبوونی ژیـان و شـــار و دەوروبەرمـــان بـــۆ ئـــێمە وەک خەونـــێکە، کە بیرمـــان نەمابێـت و گەر توانـای ئەوەمـان هەبێـت و بتـوانین چۆنیـەتی هەڵکێشـــانی ئەو هەناســـیە بە جەســـتەدا ببینـــین و چۆنیـــەتی دروستبوون و چرپەی یەکەم ساتی دروسـتبوونی دەوروبەرمـان گوێ لێبێـت ئەوا هەرگیـز سـەیری جـوانی هیـچی دیکـە نـاکەین و گوێش لە هیچی دیکە ناگرین، بەڵام کە ئێسـتا خـودا پەردەیەکـی وای لەســـەر چاومـــان و قـــوڕێکی وای خســـتۆتە گوێمـــان تـــا نەبیسـتین ئەوە باشـەیە بۆمـان و تەنهـا کاتێـک خـودا دەیەوەێ، ئـەوکات دەتـوانین ببیســـتین و ببینـــین و لە نهێنیەکـانی بـوون بگەین و تاریکیەکان لەپێش چاومان ڕوناک ببنەوە.

وەستاوە و سەرنج لە بەیداخی کەشتیەکە دەدات و لە ئاسۆی دوری سەر دەریاکە دەڕوانێت.

ئینجا مستەفا گوتی: سەرۆکی کەشتیەکەم چەن بەسەبرە، چەندە سەبری زۆرە!! با هەڵیکردوە و بەیداخی کەشتیەکە ڕادەوەشێنێت و تەنانەت سوکانی کەشتیەکەش چاوەڕێی دەستێک دەکات فەرمانی ڕۆشتنی پێ بدات، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی کەشتیەوانەکانم بە بێدەنگی گوێبیستی منە.

کەشتیەوانەکانیش گوێیان لە سرودی بە کۆمەڵی شەپۆلەکانی دەریا مەزنەکەیە و لە هەمان کاتدا گوێبیستی قسەکانی منیشن.

چی تر چاوەڕی مەبن... من ئامادەم

جۆگەکان بە ڕوبارەکان گەشتن... ئەوەتا دایکە گەورە بۆجارێکی دیکە کۆرپەکەی دەگرێتە باوەش...

ماڵئاوا خەڵکی ئۆرفالیس... .

ئەم ڕۆژەمان کۆتایی پێ هات و لەسەرمان دادەخرێت هەروەک چۆن گوڵە زەنبەقی ئاوی پەڕەکانی خۆی بۆ سبەی دادەخات.

ئەوەی لێرەدا بەدەستمان هێنا دەیپارێزین، گەر بەشی پێداویستیەکانی نەکردین بێگومان دیسان دەبێت کۆبینەوە و دەستمان درێژ بکەین بۆ ئەوەی پێمان دەبەخشێت.

بیرتان نەچێت من دەگەڕێمەوە بۆلاتان... ئەم ڕۆشتنە تەنها ساتێکی کورتە، چونکە حەزی گەڕانەوەم بۆلاتان لە کەفی دەریا و خۆڵ خۆی ئامادە دەکات بۆ جەستەیەکی نوێ... .

(تەنها ساتێکە، کەمێک لەسەر بایەکە پشوو دەدەم و لە سکپڕی ژنێکی دیکەدا دێمەوە)

ماڵئاوا لە ئێوە.. لە گەنجێتیم، کە لەگەڵ ئێوە بەسەرم برد، هەر دوێنێ بوو لەخەوندا پێکگەیشتین... ئێوە گۆرانیتان بۆ تەنیایم دەگوت و من لە ئاواتەکانتان قەڵایەکم لە ئاسماندا بۆ دروست دەکردن، بەڵام ئێستا خەو لێمان هەڵهات و خەونەکانمان کۆتایی هات، ڕۆژ دەرکەوت، نیوەڕۆمان لێ داهات و لە بێ ئاگایی خۆمان هەستاین... هۆشیاری نیوە تاریکیمان تەواو ڕوناک بوەوە، چار نیەو دەبێت لێکدابیڕێین.

گەر جارێکی تر لە زەردەی خۆرەتاوی بەیانی یادەوەریدا بەیەکتری گەشتینەوە دوبارە دەست بەقسە دەکەینەوە و ئەو گۆرانیەی ئەمجارە دەیڵێین ئاوازەکەی قوڵترە و گەر دەستەکانمان لە خەونێکی تردا بەریەک بکەونەوە ئەوا قەڵایەکی بەرزترتان لە ئاسماندا بۆ دروستدەکەم.

... کاتێک لە قسەکانی تەواو بوو ئاماژەیەکی کرد بۆ دەریاوانەکان و ئەوانیش خێرا سەنگی لەنگەرەکەیان هەڵکێشاو گرێی هەموو گوریسە بەستراوەکانیان کردەوە و ڕوەو ڕۆژهەڵات کەوتنەڕێ.

خەڵکەکە هەمو پێکەوە هاواریان کرد هەروەک بڵێی لە یەک دڵەوە هـــاوار بـــکەن دەنگیـــان گەشـــتە زەردەی خۆرئـاوابوون و دەنگەکەیـان وەک دەنگـی شـەیپوور (بـوق) بەسەر دەریاکەدا وەک شەپۆل بڵاوبوەوە.

تەنیـا مەتـرا بە بێدەنگی وەسـتابوو چـاوی لە ڕۆیشـتنی کەشتیەکە بڕیبوو، تا لەنێو تەمی دەریاکەدا دیارنەما، کـاتێ خەڵـکەکەش بڵاوەیـان لێکـرد و ڕۆیشــتن، ئەو هەر بەتەنیـا لەسەر سەکۆی ڕۆخی دەریاکە وەستابوو، لە دڵیدا بیری لەو قسەیە دەکردەوە:

( تەنها سـاتێکە، کەمێـک لەسـەر بایـە کە پشـوو دەدەم و لە سکپڕی ژنێکی تردا دێمەوە )

ـــــ کۆتایی ـــــ